# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٣ سەرماوەزی ٢٧٠٧ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 43, December - Janury 2007




دوکتۆر ج. ڕەشید:

گوتوبێژ سەبارەت بە مێژوو، کولتوور و رامیاریی کوردستان

" ل ٢٢"



دوکتۆر خەلیقی:

دین چییە؟!

"ل ٥"



پارێزەر کامیل ژیر:

بڕیارە نەزۆرەملیەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا و، پەیمانی سێڤر

"ل ١٠"



پەیامی سەرۆکی (KNC) بۆ کۆنگرەی (١٤) ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

"ل ٤"

## "ئێران" "گرێی کوێری" نێوچەکە و، "پارووی چەور" ی زلهێزەکان!

ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا و دامەزرانی کۆماری بنچینەگری ئیسلامیی ئێران بەسەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی لەساڵی ١٩٧٩، بە یەکێک لەڕووداوەکانی گرنگی سەدەی ڕابوردوو دەژمێردرێت. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، بەمانای لەنێوچوونی هاوپەیمانێکی گوێرایەڵ و، لەدەستدانی زەریایەکی گەورە و، پڕخێروبێر بوو بەنێوی "نەوت" و، گەلێک داهاتی دیکە لەبوارەکانی تەکنۆلۆژیای بازرگانی و جەنگی و .. هتد.

بەدرێژایی نێزیک بە سی ساڵی ڕابوردوو، دەوڵەتەکانی یەک لەدوابیەکی ئەمریکا، بەمەبەستی جۆشدانی سەرلەنوێی بەرژەوەندییەکانیان لەئێران، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە هەوڵیاندا و تێکۆشین، بۆئەوەی پێوەندیی سیاسییان لەگەڵ ڕژێمی ئێران ئاسایی بکەنەوە، بەڵام دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران – لەسەروویانەوە

"ل ٢"

## ساڵی نوێی زاینیی لەنەتەوەی کورد و، لە هەموو کوردستانییەک پیرۆزبێت!



ماموستا ح. سۆران:

کێ دەڵێ "ئیدی بەسە!!!"

"ل ٢١"



پەری کەریمینیا:

من دژی دیاردەی "مسیارم"!

"ل ١٥"


*- جەواد مەلا: بۆچی گەلی کورد، تائێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ ........................ ل ١١

*- سیروان کاوسی: مێژووی "مواد مخدر" لەئێران و لەجیهان ................................ ل ٢٧

ئایەتوڵڵا خومەینی و جێنشین و پێرەوانی خومەینیی، کە هەر لەسەرەتاوە، ستراتیژی سیاسیی دەرەوەی رژێمەکەیان لەسەر بناخەی دژایەتیکردنی رۆژاوا - بەتایبەتیی ئەمریکا و ئیسرایل و، دروشمی "صدور انقلاب" دارشتووە، تاکو ئەورۆ ئامادە نەبوون پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا ئاسایی بکەنەوە و، بەردەوام نێوی ئەمریکایان بە "شەیتانی گەورە" و دوژمنی سەرەکیی ئێران نێوبردەووە.

لەو ماوەیەدا، سازکردنی جەنگی پڕکارەساتی مرۆڤی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی - بەنێوی جەنگی (٨) ساڵەی عێراق – ئێران و، هەوڵەکانی دیپلۆماسیی ئەمریکا بەرێگەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ و، پرۆژەی چەکی ئەتۆم، هەروەها هەرەشە و گوڕەشەی سەربازی و، نێوناسکردنی ئێران بە پشتیوانی تیرۆریست و سەرچاوەی ئاژاوەگێریی، نەتەنێ رژێمی ئێرانی دەستەمۆ نەکردووە،بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەرکۆماری نوێی ئێران (ئەحمەدینژاد)، هەرەشەی لەنێوبردنی وڵاتی ئیسرائیل دەکا و، رژێمی ئێران، بەئاشکرا دەستوەردەداتە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی عێراق و لوبنان و فەلەستین و، شوێنەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناڤین و، گەلێک کۆسپ و تەنگژەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە نێوچەکەدا ناوەتەوە. ئێران، هەروەها توانییەتی، لەبەرامبەر گوشارەکانی ئابووری و دیپلۆماسیی ئەمریکادا خۆی رابگرێ و لەکێشە و ململانێی ئابووریی نێوان زلهێزەکان، لەپێناو درێژەدان بە مانەوەی خۆی و بەرێوەبردنی سیاسەتەکانی لەنێوچەکە، بەتەواوتیی کەڵکوەربگرێت.



گۆڤاری **(نیووزوێک)** کە لە ئەمریکا دەردەچێت، لەژمارەی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٧دا، وتارێکی لەژێرنێوی **"دۆستانی کۆنی تاران"**، نووسیوە و، تێیدا سەبارەت بە ئاکامی سەرنەکەوتووی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ سەر رژێمی ئێران دواوە. وتارەکە دەڵێ: "گەمارۆی ئابووریی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو وڵاتەی لە چین و رووسیا نێزیک کردووەتەوە. بەپێچەوانەی ویست و بەرنامەی ئەمریکا بۆ تەریککردنی ئێران، کۆمپانیاکانی رووسیا و وڵاتی چین، لەساڵانی رابوردوودا زۆرترین داهاتیان دەستکەوتووە. ئەگەرچی



دوو کۆمپانیای **"هالیبرتون"** ی ئەمریکا، و **"شلۆمبێرگێر"**ی فەرەنسا، بۆ هەڵێنجانی نەوت، لەهەموو جیهان لەپسپۆڕیدا نێوبانگیان هەیە، بەڵام بەهۆی بڕیاری سیاسیی دەوڵەتەکانیانەوە، هەلی باش بۆ کۆمپانیاکانی چینی و رووسی رەخساوە، تاکو رێککەوتننامەکان بەنێوی خۆیانەوە مۆربکەن. پاش ئەوەی **سەرۆکی لیبیا قەزافی،** وازی لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی هێنا و، لە رۆژاڤا نێزیک بووەوە، رێککەوتننامەکانی تایبەت بە نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی **"شێل"** و **"ئۆکسیندتاڵ"** ی وڵاتانی رۆژاڤادا مۆرکرد. هاوکات، دەوڵەتی **"سۆدان"** یش لەگەڵ کۆمپانیاکانی رۆژاڤا رێککەوت، ئەوش بوو بەهۆی دۆڕانێک بۆ کۆمپانیاکانی **رووسیا و چین** کە پێشتر لەو وڵاتانەدا پرۆژەکانیان دەبرد بەرێوە. **بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٧، ئێران و چین رێککەوتننامەیەکی (٣) ملیارد دۆلارییان لەپێوەند لەگەڵ پرۆژەکانی تایبەت بە نەوت دا مۆر کردووە. کۆمپانی "سینۆپێک" ی چینی، بۆ پەرەپێدانی گۆڕەپانی گازی نێوچەی (یادئاوەران) و، بلۆکی نەوتی "گەرمسار" لەنێزیکی تاران، رێککەوننامەیەکی (٧٠) ملیارد دۆلاریی لەگەڵ ئێران مۆرکردووە. کۆمپانیای تەلەفۆنی چینی (هوواوای)، رێککەوتننامەیەکی (٣) ملیارد دۆلاریی لەگەڵ شەریکەی تەلەفۆنی ئێران بەنێوی "ئێران سێڵ" مۆرکردووە. لەبوارەکانی دیکەش، کۆمپانیاکانی چین و رووسیا، بە گەرمە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تایبەت بە ئەلکترۆنیک و ئۆتۆمۆبیلسازی و فڕۆکەوانیی ئێرانن و، بەتەمان، بازاری ئێران بەتەواوەتیی داگیربکەن..... بەم شێوەیە، لەسایی سیاسەتی "واشینگۆن" ەوە، رۆژ لەگەڵ رۆژ، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی چین و رووسیا، لە ئێران سەقامگیرتردەبێت.**

نووسەر و رۆژنامەی نووسی رۆژنامەی **"واشینگتۆن پۆست"** بەنێوی **"رابین رایت"** حەفتەی رابوردوو، وتارێکی بڵاوکردەوە بەنێوی **"پێوەندیی روو لە گەشەی ئێران و چین، پێشی لە تەریککردنی ئێران گرتووە!"**، رابین رایت دەڵێ، ئێران بەئاشکرا بەربەرەکانێی رۆژئاڤا دەکات. ئەمریکا و هاوپەیمانانی حەوتووی پێشوو رایانگەیاند، دەیانەوێ، سێیەمین پرۆژەبریار لەدژی ئێران پەسند بکەن. هاوکات، رۆژی هەینی ٢٠٠٧/١٢/٢١ ئەمریکا و رێبەرانی ئۆروپا، رەخنەی توندیان ئاراستەی دەوڵەتی چین کرد، کە بەهۆی بەرژەوەندیی ئابوورییەوە لەگەڵ ئێران هەیەتی، رێ لەبەردەم هەوڵەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران دەگرێت. **ستیفان هادلی**، راوێژکاری دەزگەی ئاسایشی ئەمریکا، رۆژی هەینی گوتی، دەولەتی چین پێویستە بەرپرسیاریتیی زیاتر لەخۆی پێشانبدا. ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆم لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، زیانی بۆ هەموو لایەک دەبێت".



هەروەها **هاشمی رەفسەنجانی گەورە کاربەدەستی ناسراوی ئێرانی**، سەبارەت بە گوشاری ئابووریی ئەمریکا لەدژی ئێران، رۆژی (٢٠٠٧/١٢/٢١) لەتاران، لەکاتی نوێژی هەینیی، رایگەیاند: **"گوشارەکانی ئابووریی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، تەنیا زیانی بە ئەمریکا خۆی گەیاندووە!"**

خوێندنەوەی ئەو بەشە لەگوتارەکەی نیووزویک"، پتر رۆناکایی دەخاتە سەر هۆکاری سەرەکیی هاودەنگی نەکردنی چین و رووسیا، لەگەڵ ئەمریکا لەنێو کومیسیۆنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە ئێران. ئەو راستییە لامان ئاشکرا دەبێ، لەژێر دەمامکی هەراوهۆریا و دەهۆڵ و زورنای "بەرگری لەمافی مرۆڤ" و، "ئازادی و دێمۆکراسی" و "کێشەی ئەتۆم" و، هتد، کە سەرۆکی ولاتە زلهێزەکان بەرێگەی میدیاکانیانەوە بەگوێی ولاتانی جیهانیدا دەدەن، لەکۆبوونەوەکانیاندا چ کێشمەکێش و دەمەتەقییەکی گەرموگوڕ بۆ پاراستنی داهات و بەرژەوەندییان لەدنیا، لەئارادایە. **هاوکات، وتەکەی رەفسەنجانیش، دەریدەخات، کاربەدەستانی ئێران، بۆ شکستهێنان بە پرۆژەی ئەمریکا لەدژیان، بەزانیاریی تەواوەوە سیاسەتی نێزکبوونەوەیان لە رووسیا و چین هەڵبژاردووە.**

ئاشکرایە، ستراتیژی سیاسیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەنێوچەکە، بەرووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران سەقامگیردەبێت. بەم روانگە و نێوەرۆکە سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە کە کاربەدەستانی ئێران هەیانە، بۆ ئەمریکا و رۆژئاڤا، بیانوو زۆرن کە هۆی بکرێنە هێرشکردنیان بۆ سەر ئێران. لەبەر ئەوە، تەمەنی رژێمی ئیسلامیی ئێران روو لە تەواوبوونە و، بەوێنەی رژیمی سەددامی خوێنرێژ، ئەم رژێمە نگریسەش لە گۆڕ دەنرێت. بەڵام، کورد پاش رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، یان رووخانی هەریەک لە رژێمەکانی دیکەی داگیرکەری کوردستان، کاتێک دەتوانێ سوود لە گۆرانکارییەکان وەربگرێت کە ستراتیژێکی نەتەوەیی ئاشکرا و رۆنی هەبێت، هاوکات خۆی بەخاوەنی سەرەکی و بێئەملاوئەولای نەوت و سامانە سروشتییەکانی نیشتمانەکەی بزانیت و، لەو روانگە و بۆچوونەوە داوای دانووستان و گوتوبێژ لەگەڵ ولاتانی خاوەن پیشەسازی و دنیای ئازاددا بکات. **چۆنکە، تا زەمانێک مۆرکردنی رێککەوتننامەکانی تایبەت بە نەوت و سامانی سروشتیی کوردستان، لەنێوان دەوڵەتانی داگیرکەر و، وڵاتانی خاوەن پیشەسازیدا ئەنجام بدرێت، پشتیوانیکردنیان لە کورد، لە چوارچێوەی داوای مافی کولتوری و خوێندن بەزمانی کوردیی لەچوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا تێناپەرێت.**

**بەکورتی، ئەم هەراوهورییایە لەژێر نێوی "کێشەی ئەتۆم" و "مافی مرۆڤ" و "دێمۆکراسی" و "پشتیوانی لە خەڵکی ئێران" و ...هتد، بەرپاکراوە، کورد گوتەنی: "شەرەکە لەسەر لێفەی مەلایە!".**

## پەیامی جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەبۆنەی کۆنگرەی (١٤) ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان!

### بەرێز حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

لەگەڵ سڵاوی ئازادی و سەربەخۆیی

بەبۆنەی بەرێوەچوونی کۆنگرەی (١٤) ی حیزبی تێکۆشەرتان - حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لەلایەن خۆم و، ئەندامانی سەرکردەیەتیی و، هەموو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەم.

بەرێزان، هەروەک ئاگادارن، رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و، کوردستان بەتایبەتیی، ئەوڕۆکە بە قۆناخێکی گەلێک هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەرێت. گۆرانکاریی مەزن لە نێوچەکە بەرێوەن و وڵاتانی داگیرکەر و، نیشتمانەکەمان کوردستان، لەنێوەندی گۆرانکارییەکاندان. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، پتر لە هەر چاخ و سەردەمێکی تر، ئەرکی گەورە و مێژوویی، بەرەورووی سیاسەتکاران و تێکۆشەرانی گەلەکەمان بووەتەوە. بێگومان کاتێک دەتوانین بەباشی سوود لەگۆرانکارییەکان وەربگرین، کە ستراتیژێکی نەتەوەیی بگرینەبەر و، راستەوخۆ و بەراشکاوییەوە جاری ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بدەین. یەکبگرین و، بەدارشتنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی، لەدەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات، تێبکۆشین بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج و، خەباتی لەمێژینەی نەتەوەکەمان.

بەرێزان، چاوەروانی و، ئیرادیی ئێمە لە کۆنگرەکەتان ئەوەیە، ئەو بریارانەی پەسندی دەکەن، تین و تەوژمێکی زیاتر بدات بە خەباتی رزگاریخوازانەمان.

هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان و، بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەخوازین

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**براتان:**
**جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠٠٧/١١/٢٣**

## ئەو دەرفەتانەی لەدەستچوون و، ئەو کاتانەی بەفیرۆدران!

چواردەساڵ دەرفەت، چواردەسال کات، زۆربوون بۆ کورد کەبتوانێ نیومالی خۆی رێکبخا و، ئەو خەونەی بهێنێتەدی کە لەپێناو بەدیهاتنیدا دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و، بەلێشاو قوربانیی دەدابۆی.

بەڵام مخابن، هەموو ئەو ساڵانە بە سەما و هەڵپەرکێ و بەڵێنی پووچ و گەشبینیی بێبناخە و ئازانستانەوە تێپەربوون. ئەو خەون و خەیاڵەی کورد پێیوابوو، پێیگەیشتووە، ئەورۆکە، جێی خۆیداوە بە ترس و دڵەراوکە. خەم و پەژارە سەبارەت بە داهاتووی کورد و چارەنووسی نادیاری، دڵ و هەناوی هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان و، دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کوردی داگرتووە.

هەر دوێنێ بوو، سەرکردەکانمان، نیوچەسەربەخۆیی و ئازادییەکەی باشووری کوردستانیان گۆرییەوە بەوەرگرتنی چەند کورسییەک لە بەغدای پێتەختی داگیرکەر و، بەڵێنی زۆریان بە کورد دا، کە "عێراقی نوێ، عێراقی هەموانە - بە کورد و عەرەبەوە". "ئەو زەمانە بەسەر چوو، کورد بندەستیی قەبووڵ بکاتەوە!". دیارە لەم پێوەندەدا، عەرەبە رەگەزپەرستەکانیش کە دەیانزانی بەبێ یارمەتیدانی کورد، حکوومەت و دەسەڵاتەکەیان زیندوو نابێتەوە، گەلێک وشەی پر لەفێڵ و درۆزنانەیان بەگوێی سەرۆکەکانی کورددا دەدا. تا کار گەیشتە ئەو جێگەی کە کاربەدەستانی هەرێم، هەرەشەیان لەخەڵک دەکرد و، دەیانگوت: "ئەو کەسەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەشداری نەکات، "ئەوا حیسابی خاین بە کوردی بۆ دەکرێت!!!". ئەوجا کۆنە بەعسییەکانی وەک غازی عەجیل ئەلیاوەر و عەلاوی و، دواتریش "جەعفەری و مالکی" سەر بە ئێرانی کۆنەپەرستان کرد بە فەرمانرەوا بەسەر کوردەوە و، کوردیان چاوەروانی بەخشش و کەرامەتی ئەو رەگەزپەرستانە کرد، کە پاداشی چاکەی کورد بدەنەوە و، بەپێی یاسا!!! بەڵێنەکانیان سەبارەت بە کەرکووک و، کێشەکانی دیکەی تایبەت بە کورد جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەوڕۆکە دەستیان کردووە بە گلەیی لێیان، کە وایە لەگەڵ کورد درۆیان کردووە!

کوا ئەو (هێڵی سۆر) ە ، کاربەدەستانی هەرێم بۆ (مادەی ١٤٠) دیاننابوو؟ ئەم هەموو ترس و شەرم و خۆپارێزی و لاوازییەی هەڵویستی سەرکردەکانمان لە چییەوە سەرچاوەدەگرێت!؟

تاکە رێگەی دەربازبوون لەم رەوەتە ترسناکە ئەوەیە، ئارەزایەتیی بەرین و خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەریی لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات رێبخرێ. داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، چاودێریی راپرسییەکی گشتی بکات لە کوردستان، بۆ ئەوەی کورد بتوانی سەربەستانە چارەنووسی خۆی دیاریبکات. پێویستە دەسەڵاتداران و حیزبەکانی کورد، کارهاسانی بکەن و، پشتگیریی داوای رەوای گەلەکەیان بکەن.

**کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورە و سامناکدایە!**

# دین چییە؟

**دوکتۆر حسێنی خەلیقی**



**دین**، لە زمانی ئینگلیسیدا "Religion" لە ریشەی لاتین **"Religio"** وەرگیراوە (بنەچەکەی کوردییە و بە واتای خواپەرستی و شێت و لێویە) و بە واتای ترس، یان گەورەیی هاوڕێ لەگەڵ ڕێزلێنانێک کە مرۆڤ لە پێشگای تارمایی یان یەکێک لە خوداکان، هەستی پێدەکا. بە وتەیەکی دن، دین بریتییە لە بڕوا بە بوونەوەرەمەعنەوییەکان. هەندێک لە فیلسوف و شوێندۆزەکان کە خۆیان بڕوایان بە دین هەیە، دەبێژن" دین دیاردەیەکی ئاسمانییە کە لە لایەن خوداوە، بەگوێ مرۆڤدا چریکێندراوە". ئەم پێناسە ناتوانێ، پربەپیست بێ، چونکە هەندێک لە دینەگەورە و جیهانییەکان وەک **بودا، هیندو، کونفسیوس**، خۆیانیان بە دینی زەوینی نەک ئاسمانی پێناسە کردەوە و سەبارەت بە بوونی خودا و وەحی لە لایەن ئەوەوە، هیچیان نەدرکاندووە. (بڕوانە: پەرتوکی اللە أكبر. ل١٣-١٤).

بە وتەی کۆمەڵناس وخەڵکناسان، کاتێک کۆمەڵگاگەلی مرۆڤی گەیشتە ئەو ڕادە، چەندکەس لە بەرهەمهێنان وەلابنێ وخواردەمەنیانی لە کاری ئەوانی دیکە دابینکرد، جۆرەکارگەڵێک هاتنە ئاراوە کە هیچ پێوەندییەکی بە کاری بەرهەمهێنانەوە نەبوو. جادووگەرەکان یەکێک لەم دارودەستە کۆمەڵایەتییانەبوون کە لە نێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، خۆیان لەخەڵک بەرزتر لەقەڵەم دەدا و سەرقاڵی کارگەڵێک بوون کە مرۆڤی هەراسان و نگەرانی ئەوسەردەمە لە باری دەروونییەوە، نیازی پێیان بوو. جیاوازی زەقی ئەمانە لەگەڵ نوێنەرانی ئاینیدا ئەوە بوو، جادووگەرەکان ئەو لافیان لێدەدا کە دەتوانن هێزی ئەو پەری سرۆشت لە ڕێگەی شێوەگەلی جادووییەوە، بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیان و بیانخەنە خزمەت ژیانی خەڵکەوە. ئەم بارە بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، گۆرانی بەسەرداهات و سەری کێشا لای سەرهەڵدانی پەیامبەرەکانەوە. پەیامبەرەکان خۆیان بە نوێنەری هێزێکی بەرزتر لە مرۆڤ چ لە سرۆشتدا و چ وەک ئافرێنەری ئەو، دەناساند. ئەوان بە پێچەوانەی جادووگەران، نەیاندەتوانی بەسەر هێزەکانی ئەوپەری سرۆشتدا زاڵ بن، یان بیانخەنە ژێردەسەڵاتی مرۆڤ، کەوابوو ئەوان تێدەکۆشین بە ڕاگەیاندنی خواست و بڕیارەکانی هێز، یان هێزەکانی ئەوپەری سرۆشت بەخەڵک، ڕێگەی ڕاستیان پێ نیشانبدەن و دەیانەویست خەڵک بەرەو ئەولایە ڕێنوێنی بکەن کە ڕەزامەندی ئەو هێزە بەرزترەی تێدا بێ. لەم ڕێگەیەوە خەڵک دەیانتوانی هەم لە تۆڵە و سزای ئەو هێزە ڕزگاربن و هەم بە پشتبەستن بەو لەبەرانبەر هێزە سرۆشتی و ئەوپەری سرۆشتییەکاندا، بە هێزبن و لە ململانێ لەگەڵ ئەواندا، سەرکەون. ئەم ڕەوتە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤیی لە ناوچەگەلی جۆراوجۆری جیهاندا، بوو بە خاوەن شێوازی جۆراوجۆر و بە گەشەکردنی بیری ئاینیی لە بەشێک لەجیهان وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین، سەری کێشا لای سەرهەڵدانی دینگەلی یەکە پەرستییەوە.

ئەم ئاینانە بە هۆی سرۆشتی خۆیان لە سەرەتاوە بە تێکۆشین و ڕاگەیاندنی خۆدی پەیامبەرەکان و جێگرەکانیان و هەروەها ئەوانەی خۆیان بە کارناس و زانای گەوهەری ئەو ئاینانە دەناساند و لە پێناوی پەرەسەندنیاندا تێدەکۆشین و، وتەکانی پەیامبەرانیان شرۆڤە دەکرد، ڕێک و پێک کران وجێگیربوون.

لەم ڕەوتەدا دەوری تۆێژی ڕۆحانی لەوێیەوە دەسپێدەکا کە پەیامبەرەکان، یان نوێنەرانی ڕاستەوخۆی پەروەردگار، کۆچی دوایی دەکەن و شوێن و کاری خۆیان بەو کەسانە دەسپێرن کە بە کردەوە **"نوێنەرگەلی نافەرمی و ناڕاستەوخۆی خودا"** ، لە قەڵەم دەدرێن.

بەم جۆرە، ئەوەی لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا لە گشت ناوچەکانی جیهان و جۆر و شێوازگەلی ئاینیدا، گشتییە، سەقامگیربوونی توێژی ڕیبەرگەلی ڕۆحانی دینییە. ئەم توێژە بە شێوەی سەمبولیکیش بووگە، خۆیان بە نوێنەری ئاین، پەیامبەر ومرۆڤەپیرۆزەکان وسەرچاوەپیرۆزەکانی و لە دواپلەدا خۆیان بە نوێنەری خودا لە سەر هەرد

دەناسێنن و بە ناوی ئەوەوە بڕیاردەدەن و جێبەجێشی دەکەن (١).

بە گشتی دەتوانین بڵێین لە ئاینەسامییەکاندا، قەوارەی هەر دینێک لە سێ گۆشەیەک پێکهاتووە کە گۆشەیەکی خودا، دووەمیان پەیامبەر و ئەویتریان کتێبی ئاسمانییە. لای سامییەکان دین بریتییە لە بڕوا بە بوونێکی پلەبەرز کە بە مرۆڤ فەرمان دەدا لەم جیهانەدا بەشێوەی ڕەوشتی ڕەفتاربکا و بەڵێنی گەیشتنی مرۆڤ بە ژیانی دوای مردن دەدا. دیارە ئەمە تایبەتە بەم کولتورەوە و لە کولتورەکانی دیکەدا، بۆچوونەکان تا رادەیەک جیاوازن. بە گشتی ئاینەکان خاوەن کۆیەک لەچتگەلی ریشەیین، کە خوازیاری هەستیاربوون، یان ترسن و لەگەڵ دروشم و ڕێ و رەسمگەلێک کە بە هۆی کۆی خاوەن بڕواکانەوە ئەنجام دەدرێن، پێوەندییان هەیە. دیارە هەرکام لەم دیاردە و رەگەزانە، پێویستیان بــەشیکردنەوە هەیە. هەر جۆرێک بێ لە کۆمەڵگە سوننەتییەکاندا، دین دەوری بنەرەتی یاریدەکا. ریشە و دیاردە و دروشمە ئاینییەکان بە زۆربە، لەگەڵ فەرهەنگی ماددی و هونەری- موسیقی، وێنەگەریی، یان دارهەڵکوڵیین، هەڵپەرکێ، داستانبێژی و ئەدەبیاتدا، تێکەڵبووە. ئاین، ئێدئولۆژی زاڵی دەورەگەلێکی دیاریکراو لە مێژووی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییە و لە ئافراندنی شارستانییـەتی ئەم کۆمەڵگەیانەدا، شوێن دادەنێ (٢). دەبێژن، چەمکی خودا بەمجۆرە سەریهەڵدا: تا ئەو شوێنە گەنجینەی مێژوو توانای راگەیاندنی هەیە و گەشت لە خۆوخەدەی قەومەدڕندەکان، نیشاندەدا، هێزی گومان بۆمرۆڤ "خودا"ی خولقاندووە. خوداگەلی جۆراوجۆر بە تایبەتمەندیگەلی قەومی و رەگەزی لەگەڵ داب و نەریتی خودی ئەوقەومانە (٣).

تایبەتمەندیی زەقی ئاین، خۆسەپاندنی بێئەملاوئەولاو جیهان وەبەر گرییەتی. ئاین لە پلەی سەرەتاییدا، دادەپلۆسێنێ و لەگەڵ شوێنی جموجۆڵی خویدا، تێکەڵ دەبـێ و هەرچشتێک لە سەرڕێگەی بێ، قووتی دەدا و لەم ئاوێتە بوونگەلانەدایە کە پڕبارو مەزن دەبێ و بەرەبەرە لە جۆش و خرۆش دەکەوێ. هەرلەو جادەدا کە تێپەڕبووە، جێ گۆڕکێ دەکا و بە چەندلق و پۆپی جیاواز، دابەش دەبێ و لە ئاکامدا وەک گۆلگەلی پرژوبلاو لە دەشتی کاکی بەکاکیدا، خۆ دەنوێنێ. سەرەرای ئەوەش، هەرکام لەو گۆلانە لە خەونی جیهان وەبەرگری بیری خۆیدا، سەرگەردان دەبێ. دین لە لایەک خوازیاری ملکەچکردنی مرۆڤە بۆ بوونەوەرێکی نەناسراو کە خاوەن گشت بوونەوەرانە و زنجیرەفەرمانگەلێک دەکاتە بەرنامەی هەڵسوکەوتی پەیرەوەکانی و بەم جۆرە کۆمەڵگەی خۆی بە دوو شێوە، وەگەڕ دەخا:

یەکەم- فەرمانڕەوایی زەوینی و دووەم- فەرمانڕەوایی ئاسمانی. ئینجا ئەوکات یاسایەکی نەگۆڕ بە پەیرەوان دەناسێنێ کە لە سەرووی هەر یاسایەکەوەیە و پەیرەوانی ناچاردەکا، مل بۆ ئەم یاسا دانەوێنن و بەم جۆرە بە سەر ویژدان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەکەدا،( بەزەقی) فەرمانڕەوایی دەکا.

هەرئاینێک لە کاتی سەرهەڵدانیدا، ئاوێتەیەکە لە بیروبڕوا و ڕێ و رەسمگەلی کۆنە و نوێ. ئەوجار ئاین، دیاردەنوێییەکانی خۆی بە سەرگشت سیستەمە کۆنەکاندا دادەسەپێنێ و گەوهەرێکی پاڵێوراو لە سیستەمەکانی رابوردوو لە قاپۆڕی خۆیدا بۆ داهاتوو رادەگوێزێ و، بەم ئاوێتەگەلە، مۆری خۆی لە بەشێک لە شارستانییەت دەدا(٤).

لە روانگەی ماتریالیستەکانەوە، ئاین شێوازێکە لە شێوازەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی، ڕەنگدانەوەی ئوستورەیی نادیاری هێزەسرۆشتی و کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ بە سەرمرۆڤدا، هێزی جیهانی دارشتنێکی بە هێزی نادیاری تواناپڕوکێن، لەودا وەدەستدێنێ. لەم روانگەوە دین، کۆیەکی رێک و پێک کراو، یان خۆد زنجیرەیەکــە لــە وێنەهەڵگرتنەکان، شتەئاوێتەکان، کردەوەکان، کە تا ئەو رادە، یان ڕادەی دیکە، رێکخراوە. وێنەگرتنگەل و بیرگەلی ئاینی، "رەگەزی مێتولوژی" لە ئایندا پێکدێنێ: کە بریتییە لە کۆی چەند ئوستورەی تایبەت بەخواکان و جندۆکەکان و پێوەندییە تایبەتییەکان بە جیهان و مرۆڤەوە. ئاوێتە ئاینییەکان، پێوەندییان بە گۆڕەپانی هەستی ئاینییەوە هەیە، هەستێک کە بە دوانەییەوە، پێناسە دەکرێ : ئەوە لە لایەک، پەردە لە سەربێتوانایی و لاوازی و زەبوونی مرۆڤ هەڵدەداتەوە و لە لایەکی دیکەوە، هەستکردنە بە هیوا، بە پشتبەستن، کەجاری وایە بەرەو جۆرێک مەستی و دەمارگرژی ئاینیی، گۆڕانی بەسەردادێ. هەندێک پێانوایە، مرۆڤی سەرەتایی بەپێی بڕیاری ژیان ناچاربووە دیاردەکان بناسێ و رووداوەکانی دەوروبەری بۆ خۆی شیبکاتەوە. مرۆڤ، لەبەر ئەوە خاوەن ئەزموونی تەسەل نەبووە، کەمتر توانیویە شتەکان بناسێ. هەربۆیە بۆ دامرکاندنی دڵەخورپەی خۆی، پەنای بردووەتە بەرخەیاڵ و بەبیری سەرەتایی خۆی، بوونەوەرەکانی شیکردوەتەوە. بەم جۆرە چەند وەڵامی بۆ هەندێک لەوانە پەیدا کردووە. مەبەستیشی زاڵبوون بە

سەر شتەکاندا بووە. لەم بوارەدا، مرۆڤ وای زانیوە هێزێک لە هەمووشتێکدا هەیە و گشت گۆڕانکارییەکان بەرهەمی ئەو هێزەن و هەر هۆزەش ناوێکی بۆ ئەو هێزەداناوە. **(بناخەگشتییەکانی کۆمەڵناسی، نووسەر، ١٩٩١،ل٢٨٣-٤ ٢٨)**. کردە وە دینییــەکان، پێوەندییان بە گۆڕەپانی بەندەگی ئاینییەوە هەیە، ئەو بەندەگییەی کە چەندین جۆر ڕێبازی جیاواز و دروشمی دینی وەبەردەگرێ. وەک قوربانی کردن، نوێژخوێندن و چشتی لەو چەشنانە. بروا بە نادیار، تەوەوەرە و گەوهەری هەر ئایینێک پێکدێنێ. دین بەری بێتوانایی مرۆڤ لە بەرانبەر هێزەسرۆشتی و کۆمەڵایەتییە داگیرکەر و ستەمگەرەکانە، ئەوانەی کە بە سەریدا زاڵ دەبن و ملی پێ دادەنوێنن. ئاین چەند ریشەی ناسینی و کۆمەڵایەتیشی هەیە. بەڵام ریشەناسینییەکانی ئەو توانایەی تێدایە کە خەیاڵ یان داڵغەی مرۆڤ لە راستی دەرەوەی زەمین، دابڕێ، یان جیای بکاتەوە، ئەگــــەری تێکەڵکردنی پێوەندییەکانی دیاردە راستییەکانی دەرەوەی زەمین لە رەوتی ناسینی خۆیدا هەیە. ریشەگەلی کۆمەڵایەتیی ئاین، بریتین لە هەلومەرجگەلی بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە سەردەکێشێتە لای دیتنی گشت راستییەکان بە شێوەدیتنێکی دوور لە راستی و پووچ. لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا، ریشەکانی کۆمەڵایەتی دینیی، زۆر بەخۆ نزیککردنەوە بە پلەی گەشە کردنی ئابوورییەوە پێوەندییان هەبوو، بەجۆرێک وای لە مرۆڤ دەکرد، هەمیشە هەست بەوە بکا لە گرەوی ئەوسرۆشتەدایە کە گەمارۆی داوە. بەڵام لە ژینگەی دژبەیەکی چینایەتیدا، ریشەکانی کۆمەڵایەتی دینیی، لە پلەی یەکەمدا پێوەندیی بە هەنگاوەکانی هێزی بێ ئامانجی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. داپڵۆسینی بە کۆمەڵی خەڵکی کۆمەڵگە، بێباوریی بە دوارۆژو مایەپووچ بوونی لە نەکاوی هەندێک لە خەڵک و دەوڵەمەندبوونی بەپەلەی هەندێکی دی، بەرهێنەری بروای پتەو بە هێزی دەرەوەی (سرۆشت)ە، کە گومان دەکرێ بە سەرخەڵکدا زاڵە. لە داهاتوودا، سیستەمی کۆمەڵایەتی هاوبەشیی سەرهەڵدەدا و لە ئاکامدا، ریشەی دینی کۆمەڵایەتیی لەبندەردینێ. بەڵام مانەوەی بیرو بروای ئاینی لە هەلومەرجی ژیانی هاوبەشیدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ: ملنەدان و سەرکێشیی هەندێک لە رەگەزە کۆمەڵایەتییەکانی هۆشیاری و هێزی ئاین، لە سەر خۆگونجاندن لەگەڵ راستییەبگۆڕەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئیدئولوژی یان بیروبروای ئاینی، بۆ (داپۆشینی) کەموکورییەکان و سەختیگەلی هەبوو (بەردەوامبوونی هەندێک پەیرەویکردنی کۆمەڵگە لە هێزی داپڵۆسینەری سرۆشت...) و شوێنەواری جیهانی خاوەن سەرمایە، ئەوەی پروپاگەندی ئاینی وەرێدەخا و هەروەها مەیداندان بە تێکۆشینی پیاوانی ئاین و...لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا، لە داهاتوودا، بەجۆرێک هەموان تێدەگەن، چ پێوەندییان بە سرۆشتەوە بێ، یان هەندێکیان بەوانی دیکەوە پێوەندیی هەبێ، شێوازی ئاینی لە شعوری



کۆمەڵایەتیدا، وندا دەبێ.

**دێئی،** یان deism رێبازی خوداپەرستانی هۆکارییە. ئەم وشە لە وشەی لاتینیdeus وەرگیراوە بە واتای "خودا"یە. رێبازێکی فەلسەفییە کە دەبێژێ: "خودا راستەوخۆ لە رەوتی هەڵسوکەوتی سرۆشتی و کۆمەڵایەتیدا، "خۆتێهەڵناقورتێنێ" خودا لەم رێبازەدا، پاشای جیهان نییە، هەرجۆر بیەوێ دەستێتێوەردا، بەڵکوو ئەو، هۆی یەکەمی جیهانە نە کەسایەتییەک. ئەو جیهانی ئافراندووە و دوای ئەوە لێگەڕاوە بە پێ یاساگەلی سرۆشت، خۆی گۆرانی بەسەردابێ". ئەم رێبازەلە سەرەتای چەرخی حەڤدەیەمی زایینییەوە، سەریهەڵداوەو بە کێشەی نێوان فەلسەفە و زانستەوە

پێوەندیی هەیە کە دژی مەزنایەتی لایەنگرانی جیهانی نامادی "لاهوت" راوەستا، ئەوەی جۆرێک لە پیرۆزبوونی بە سەرقەوارەی کۆمەڵگەی دەربەگایەتیدا سەپاند و پەرەی پێدا. لایەنگرانی ئەم رێبازە، ئازادکردنی زانست لە یەخسیری لاهوت و ئازادی ویژدانیان وەک درۆشم بەرزکردەوە و هۆشیان لە بەرامبەر بڕواوە داناو رخنەیان لە زۆر بیروبڕوا و رێ و رەسمی ئاینی گرت. بەڵام دێئی، رێبازێکی فەلسەفی سازگارنەبوو، بەڵکوو ماتریالیست و ئیدەئالیستەکانی وەک یەک وەبەردەگرت. لە نێوان کۆی لایەنگرانیدا، کەسانێک وەک **نیوتن و لاک لە بریتانیا، فرانکلین و جفرسون لە ئەمریکا، روسو و ڤولتێر لە فەرانسە، لومون و سوفورادیشێف لە روسیە، و لیسنینگ لە ئاڵمانیای**، وەبەردەگرت. بە پێشکەوتنی زانست، پێشکەوتنی مێژوویی رێبازی دێئی کۆتایی پێهات، و وایلێهات بە هۆی پیاوانی ئاینییە وە، بە مەبەستی پارێزگاری لە ئاین، کەڵکی لێوەرگیرا. **(٥)**. ئەم بۆچوونە و ململانێ چاکسازخوازە ئانیییەکان لە چەرخەکانی شازدە و حەڤدە بەولاوە و هەوڵی فیلسوف و کۆمەڵناس و زانا سرۆشتناسەکان لەو بوارەدا، ئەوە پێشاندەدەن کە مرۆڤ بۆ سازگارکردنی بیروبڕوای ئاینی، کە لەودا تەنیا خودا مافی دەسەڵاتدارێتی و یاسادانانی هەیە و مرۆڤ خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نییە بتوانێ چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا، لەگەڵ توانایی هۆشی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی رێگەکانی گونجاو بۆ ژیان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی، لە ڕابوردوودا، چ هەوڵێکی داوە و، چلۆن ویستوویەتی ملی خۆی لە نیری چارەنووسی دیاریکراوی بێئەملاوئەولا لەلایەن بوونەوەرێکی نەدیار و مەزن و خاوەن دەسەڵاتەوە، رزگاربکا و، هۆش و تێڕامان بکاتە مامۆستای خۆی و، لەژێر تیشک و رووناکایی ئاوزی بەرەو گەشەکردنی خۆیدا، خۆی ببینێتەوە و "مرۆڤ ناوەندی" لە جێگەی "خوداناوەندی" دابنێ یان لانیکەم لە بەشێک لەو زەلکاوەی دامودەزگای ئاینی بە هەڵاوەسینی پلێلە و سڵسلەی دەسکردی زەینی پیاوانی ئایینی بەرژەوەندیخواز بۆ مرۆڤ ئافڕاندوویەتی، خۆی رزگار بکا. ئەگەر لە گشت یان بەشێک لەم بیروبۆچوونە جیاوازانە، بتوانین بۆ راڤەکردنی ئەرێ و نەرێیەکانی ئایین، کەڵکوەربگرین، یان بتوانین پێداچوونەوەیەکی تەسەل لە گشت بیروبڕوا بەسەرداسەپێندراوەکانی میراتی کۆمەڵ ئەنجام بدەین و بە چەقین و دەمارگرژی پێیان لە سەردانەگرین، لەوانەیە مرۆڤی پێبەسراوە بە رایڵەی بیری سوننەتی، بتوانێ خۆی بە دەست کێشەی ئاین و نوێخوازی لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی مرۆڤ لای نوێخوازان و بێدەسەڵاتی و ملکەچی ئەو لە ئاینەکاندا، رزگاربکا. بە وتەیەکی دیکە بگات بەو ئاکامە ئیتر ئەوکێشە پڕئێشە نەمێنێ کە ئەگەر مرۆڤ بێدەسەڵاتە، فەرماندان بۆ کۆیلەکردن واتای چییە و سزادان لە ملنەدانی مرۆڤدا، چلۆن لێکدەدرێتەوە؟ و، ئەگەر دەسەڵاتدارە و خۆی دەتوانێ ریگای ژیان بدۆزێتەوە و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا، بۆ دوور لە بڕیاری ئاین و ملکەچی بۆ خودای خاوەن دەسەڵاتی بێئەملاوئەولا، سەربەخۆ ناتوانێ، رچەی ژیان دەسنیشان بکا!؟

به کۆرتی ئەگەر بمانەوێ، بۆ دۆزینەوەی رێگەی ژیان تەنیا بە هەست و تێگەیشتن و هۆشیاری و شوێندۆزی و تەوق و بێژنگ کردن و لێکدانەوە و ئاکام وەرگرتنی مرۆڤ، پشت ببەستین و بوونەوەرێکی دیکە لەو پێوەندییەدا نەکەینە خاوەن دەسەڵات، ئەو کاتە ریگەی خۆمان لە رێگەی گشت ئاینەکان جیاکردەوەتەوە. ئەگەر بێتوو بە پێچەوانەکەی بیربکەینەوە واتا مرۆڤ بە ملکەچ و فەرمانبەری بێدەسەڵات لە قەڵەم بدەین، ئەوا ئەو کێشە بیرمەندییە بە ئاکام نەگەیشتووە! بۆ هەتاهەتایە، دەست لە یەخەی مرۆڤ بەرنادات.

**ئەوەی لێرەدا بۆ وتن دەبێ، ئەوەیە کە، رەوتی بەربەرەکانێ و ململانێی ئەوکێشەیە لە بڕیاردان و دیاریکردنی ریگەی ژیان بە هۆی هۆشیاری و تێڕامانەوە، بەرەولای ئازادیی مرۆڤ هەڵکشاوە. ئەوەش بەو واتا نییە، لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کەمن، بەڵام دەتوانین بێژین هەر چەندە کات تێپەڕدەبێ و رەوڕەوەی زانست بەروپێش دەچێ، تای ترازوو زیاتر بە لای هۆشگرائیدا، سەنگین دەبێ. ئەورۆ، هۆش و بەرهەمەکانی، کاروباری ژیانیان ساناکردووە و بەراستی سەلماندوویانە کە مرۆڤی ئافڕێندراو، خاوەن ئەو وزە و هێزەیە کە بە بیروتێڕامانی خۆی، پلانی ژیان بکێشێ و ژیرانە بە دوای بەختەوەریدا بگەڕێ.**

خاڵی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە، بوونی توانای بیرکردنەوە و تێڕامان و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و ئاکاموەرگرتن لە مرۆڤدایە، جا ئەگەر بێتو مرۆڤ لەو گەوهەرە بێهاوتایە بۆ دۆزینەوەی رێگەی ژیان و چلۆنایەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سرۆشت و هاوجۆرەکانی، کەڵک وەرنەگرێ، ئەو کات بە ڕاشکاوی، ناتوانێ لافی ئەوە لێبدا مرۆڤە "بۆ لاپەڕە ٩"

## ساڵی نوێی زاینی پیرۆزبێت!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سالی نوێی زایینی، لەهەموو هاووڵاتیانی کورد بەگشتی و، هاووڵاتیانی مەسیحی بەتایبەتیی پیرۆزبایی دەکات.

هیوادارین ساڵی ٢٠٠٨، ساڵێکی پڕلە خێروخۆشی و، بەختەوەری و سەرکەوتن بێت بۆ هاووڵاتیانی کورد، هەروەها ساڵی رزگاربوون بێت لەبندەستی و، کۆیلەتی و، ساڵی پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی و، کۆتایی هاتنی بیری تەسکی حیزبایەتی و، شەڕی دەسەلات و، پاوانخوازیی بێت.

بەهیوای گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان، لەساڵی نوێی زاینیدا!

## بۆ ئاگاداریی

خوێنەرەوەی هێژا و نیشتمانپەروەری گۆڤاری "کۆنگرە" ئاگادار دەکەین، بەشی سێیەم و، کۆی پەرتۆکی "خوێندەواری بەزمانی کوردی"، لەنووسینی مامۆستای بیری پیرۆزی کوردایەتیی، دوکتۆر جەمال نەبەز، بەو زووانە لە سەر سایتی کۆنگرە (کوردی) بە ئەدرەسی خوارەوە بڵاودەکرێتەوە:

www.kncscandinavia.com

"ماوەی لاپەڕە ٨"

و، ناشتوانێ، لە گۆڕانکارییەکانی سرۆشت و کۆمەڵدا، دەوری کاریگەری هەبێ. بەڵام رەوتی مێژوو پێشانیداوە کە هۆش و هۆشیاری و تێڕامان و ئافراندن و تاقیکاریی بەرفراوان، مرۆڤی کردووەتە سەرچڵی گیانلەبەران و بەرهەمی وەهای بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکێش کردووە کە بێجگە لە **"هۆش"**، بە یارمەتی هەستەکان، دیاردەیەکی دیکە ناتوانێ، بەری لەو چەشنە بدا و بەو جۆرە کە دەبینین، باری ژیان لەباربکا. ئەمەش جیهانی تێکنیک و ئافراندنی کەرەستەی نوێ و ئامرازی سەرسووڕهێنەری گۆڕەپانی ژیانی دنیای پێشکەوتوو، بە وردی سەلماندوویانە. بە وتەیەکی دن، بەری هۆش و تێڕامان لە کۆمەڵگە مەدەنی، یان لە کۆمەڵگە هزرییەکاندا، باری ژیانی وەها لە بارکردووە کە لە پانتایی و درێژایی مێژوودا، دیاردەی وەها نەبیندراوە و تا رادەیەکی زۆر، مرۆڤی بە سەر سرۆشتدا زاڵ کردووە و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و مرۆڤییەکانیشی بەرەو باری لەبارتر و چاکتر، لێکگرێداوە و بناخەیەکی وەهای دامەزراندووە کە چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا، دەردی هەربەشە لەخەڵکی جیهان، ببێتە دەردی هەموان.

**هەرچەند، هەندێک لە دەروونناس و کۆمەڵناس و فیلسوفان، بە تایبەت پەسامودرنیستەکان، بە گومانەوە سەیری شوێنەواری دەسکەوتەکانی جیهانی مودێرنیتە، یان تازەگەرایی لەسەر ئاسایش و گەورەیی و ژیانی مرۆڤ دەکەن، سەرەڕای ئەوە پێشکەوتن و لەبارکردنی ژیان دوای هۆرێزان، یان رنسانس لە ئورووپا، بۆ حاشالێکردن نابێ. بەتایبەت عەقڵانیکردنی کۆمەڵگە، دەوری کاریگەری لە پێشکەوتنەکاندا هەبوو کە دەڤەرەکەی لەمەڕ ئێمە زۆری ماوە خۆی بگەیێنێتە ئەو هەوارگە.**

(١)– بڕوانە ئانتونی گیدینز، کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی سەبوری، ل ٤٨٥–٤٨٧ .

٢)– بڕوانە، عقلابرخلاف عقل، عەلی دەشتی، ١٣٨٥ هەتاوی ل١٢٧.

(٣)– بڕوانە مەدینە فازەلەی ئیرانی، رەزا ئایرەملو، ١٩٩٩، ل١٠٧.

(٤)– بڕوانە، روحانییەت و گۆڕانکارییەکۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا، رەزامەرزبان، ل ١٥–١٦.

(٥)– المعجم الفلسفی المختصر، دارالتقدم، ١٩٨٦، یەکیەتی سۆڤییەت، ل٢٢٧– ٢٢٩.

# بڕیارە نەزۆرەملییەکەی کۆنگریسی ئەمریکا و. پەیمانی سیڤەر

## پارێزەر کامیل ژیر

پەیمانی سیڤەر، هەر بەناو پەیمانبوو. پەیمان ئەوەیە واژۆ (ئیمزا) بکرێ. ئەو، واژو نەکرا. بەڵکو تەنیا پرۆژەی پەیمانێک بوو. مەبەستیش لەو پرۆژەیە، کارتێکی گوشاربوو بۆ سەرتورکیا کە ئەگەر رازی نەبێ ولایەتی موسڵ لە تورکیا جیابکرێتەوە بخرێتە سەر عیراق، ئەوا تورکیا، نەك هەر باشووری کوردستانی لەدەستدەچێ، بەڵکو باکووری کوردستانیش ئەدۆڕێنێ و دەوڵەتی کوردستانی گەورە دائەمەزرێ.

ئەشێ بریارە نەزۆرەملییەکەی کونگریسی ئەمریکا بە دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵدا، هەر جۆرێک بێ لە کارتی گوشار بۆ توندرەوەکانی سوننە و شیعەی عیراق کە ئەگەر کۆتایی بەو توندرەوی و نائارامییە نەهێنن، ملکەچ نەبن بۆ خواستەکانی ئەمریکا، ئەوا یەکپارچەیەتی عێراق لەدەسئەدەن و عێراق بەوجۆرە دابەشدەکرێ و دوورنیە ئەوە هەنگاوێک بێ بۆ جیابوونەوەی تەواوی ئەو پارچانە لەیەکدی.

لێرەدا رووی لەیەکچوونی پەیمانی سیڤەر و ئەم بریارەی کونگریسیش، ئەوەیە کە پەیمانی سیڤەر واژۆ نەکراو ئەم بریارەش نەزۆرەملی (غیر ملزم) ە!! پێدەچێ ئەمە تازەترین کارتی ئەمریکا بێ بۆ کڕینەوەی خۆی لە عیراقدا. ئەگەر بەمە ئارامییەکە دروستبوو، ئەوا، لەلایەك ئەمریکا لەم جەنگەیدا دەبێتە براوە. لەلایەکیتریشەوە عێراق بەیەکپارچەیی دەمێنێتەوە، کە ئەوە خواست و ویست و ئامانجی ئەمریکا و ئنگلیزیشە تا ئەمرۆ، چۆنکە ئەوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان، زیاتر، لەعیراقی یەکگرتوودا دەبینن، کە ئەوەش روانینێکی هەڵەیە لەلایەن ئەوانەوە. ئنجا ئەگەر ئارامییەکە، بەمە، یا بەهەر هەوڵێکی کەی ئەمریکا هەر دروستنەبوو، ئەوا ئەوسا دابەشکردنی عیراق بۆ سێ قەوارەی سەربەخۆ دەبێتە ناچاری.

بەرامبەر بەو بریارەی کونگرێس، نابێ کورد دەوری سەیرکەر و چاوەروان ببینێ. بە واتایەکیکە، نابێ کورد ئەم هەلەش لە دەستبدات. ئەمە هەلێکی زێرینە بۆ ئەوەی کورد بریارەکە بەرەو بەرژەوەندی خۆی پاڵنێ. بەرژەوەندییەکەش، لەسەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستاندایە. هەموو ئەیزانین کە لە سیاسەتدا، ئەگەری نەگۆر نییە. نەگۆر، تەنیا بەرژەوەندییە. ئەرکی کوردە، بەهەموو باڵەکانییەوە، کە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکدا بەرێ کە ئەمریکا بەتایبەتی و رۆژئاوا بەگشتی، بەرژەوەندییەکانی خۆیان، تەنیاو تەنیا، لەسێ قەوارەی سەربەخۆی ئارامدا ببینن، نەك لەیەك قەوارەی پڕ لە دووبەرەکی و ئاژاوەی تایەفەگەری و فرەنەتەوەییدا، کە جگە لەهەڵهێنانی گەرای تیرۆر هیچیکەی لێ سەوز نابێ.

راستییەکەی، بەرژەوەندی سوننەو شیعەی عێراقیش، هەر لەو سێ قەوارە سەربەخۆیەدایە. چۆنکە، راستە هەشتا ساڵی رابردوو عێراق تەنیا یەك قەوارەی سیاسیبوو، بەڵام قەوارەیەکبوو بە ئاگر و ئاسنی حکوومەتە مەرکەزییەکانی بەغداد دەبرا بەڕێوە و ئەنجام حکوومەت لە دوای حکوومەت هەرەسی دەهێنا. ئنجا چ جای ئێستای عیراقی هەڵوەشاوەی پڕ لە سێ روبار خوێن!.

عێراقی یەکگرتوو، لەژێر دەسەڵاتی پێنج رژێمی پاشایەتی و قاسمی و عارفی و بەعسی و ئەمەی ئێستادا تاقیکرایەوە و سەرکەوتنی بەدەسنەهێنا. عەرەب خۆی دەڵێ: تاقیکراوە تاقیناکرێتەوە (المجرب لا یجرب)، هەروەها دەڵێ: ئەوەی تاقیکراوە تاقیکاتەوە، پەشیمانی بەشی دەبێ (من جرب المجرب، حلت به الندامه).

ئێستا ئەوانەی بانگەشەی عێراقی یەکگرتوو دەکەن، یان گێل و نەفامن، یان ترسنۆک، یان پاشماوەی دیکتاتۆرییەتەکانی رابردوون، کەنەک تەنیا لە عێراقدا، بەڵکو لە هیچ جێگەیەکی گۆی زەویدا، سەرکەوتنی هەمیشەییان بەخۆیانەوە نەدیوە. کەسیش بەتەمای ئەوە نەبێ، ئەو شیرازە پچراوەی عێراق، بەگەمەی دیمۆکراتی و فیدراڵی گرێ بدرێتەوە. دیمۆکراتی و فیدراڵی، بۆ مرۆڤی مرۆڤە، نەک بۆ مرۆڤی درندە.

لەکۆتاییدا، ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ، ئەوەیە: بۆچی ئەوانەی ئەوەندە پەرۆشی یەکێتیی نەتەوەکانی عێراق و خاکی عێراقن، یەک لەسەر سەدی ئەوەندە، نەدەربەستی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب و عەرەبستانن، نەدەربەستی یەکێتیی کورد و کوردستانن!؟.

jeerkamil@yahoo.com

# بۆچی گەلی کورد تائێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ؟

د. جەواد مەلا
لەندەن: ٢٠٠٧/١١/٢٠



چەندین سەدەیە گەلی کورد لە کوردستان تووشی ململانێیە بۆ مانەوە و ژیان بە سەربەرزی و ئازادیی نەتەوایەتیی و مرۆڤایەتی و شارستانێتی و بەرهەڵستی داگیرکەران. دەتوانین بڵێین کە ژیانی مرۆڤی کورد لە هەندێک کات و شوێیندا گەیشتوەتە ئاستێکی کۆیلایەتی و، تەنانەت نزمتریش لەوە، چونکە کۆیلە بۆی هەیە کە پێی بگوترێ کۆیلە، بەڵام کورد تەنانەت لە نیشتمانەکەی کوردستانی خۆیشیدا لە نازناوی کوردایەتی بێبەشە، ئەوەتا پاش رزگارکردنی باشووری کوردستانیش لە دیکتاتۆرێتیی بەعس، گەلی کورد لەوێ ناسنامەی خۆی وەك کوردێك نییە و، ئەو پاسپۆرتە عراقییەی کە پاش رزگاربوون لە سلێمانی و هەولێر دەردەچێ، بەزمانی عەرەبییە نەك کوردی و دەڵێت کە هەڵگری پاسپۆرتەکە عراقییە. لەکاتێکدا کە سەگ و پشیلەش لە وڵاتێکی وەك بریتانیا ملوانکەی تایبەتی خۆیان هەیە کە بە یەکێکیان دەڵێ سەگ و ئەوی دیش پشیلە، کەچی کورد هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی سەگ و پشیلە، باری کورد بەگشتی ئاوەهایە.

ئەمەش سەرەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵی کوردەوارییە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە، تاکو گەلی کورد والێبکەن کە نەتوانێ داوای مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکات. ئەویش بە بەفیرۆدانی هەموو وزە و توانایەکی بۆ مەسەلەی لابەلایی وەك: ئەوەی کە ٢٠ ملیۆن کوردیان لە باکوری کوردستان خەریککردوە بە رزگارکردنی کاك عەبدوڵا ئۆچەلان لە زیندان و لەوانەشە پاش مردنیشی هەر بەردەوام بێ، هەروەهاش گەورەترین شتێک کە گەلی کورد لە رۆژاڤای کوردستان پێی خەریکن، مەسەلەی گەڕاندنەوەی ناسنامەی سورییە بۆ ئەو کوردانەی کە ئەوە نیو سەدەیە بێبەشن لێی و، لەوانەیە نیو سەدەی دیش بخایەنێت، ئێستاش گەلی کورد لە باشوری کوردستانیش خەریکی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عراقن و گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش خەریکی لابردنی ئەحمەدی نەژاد و داواکردنی سەرۆکێکی دیکەن، کە لەوانەیە لەویش دیکتاتۆرتر بێت. لەراستیدا ئەمانە هەموو پلانێکن کە بەوردی کێشراون لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بۆ خەریککردنی گەلی کورد لە ئامانجی سەرەکییان کە رزگارکردنی کوردستانە، نەك ئۆچەلان، و داواکردنی ناسنامەی کوردییە نەك سوری و جێبەجێکردنی مادەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەرە نەك مادە ١٤٠، و، دوایش کارکردنە بۆ ئەوەی گەلی کورد خۆی فەرمانڕەوایی کوردستان بکات نەك ئەحمدی نەژاد و کەسی دیکە. بەفیرۆدانی وزەی کورد بەم شتانە سەرەنجامێکی پیسی دەبێ بۆ دوارۆژی گەلی کورد و ئاسایشی نەتەوایەتیی، چونکە کات بەفیرۆدان لەم شتانەدا کورد هەتا هەتایە لەبازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێتەوە.

بەڵێ، رامیاری نێودەوڵەتی و ئەوەی ناوچەش بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، هەمیشە و تا ئێستاش دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە و لەگەڵ ئەم دوژمنایەتییە بەهێزەی ئەواندا بۆ ئەم کارە خەبات زۆر و کەم هەر بەردەوام بووە و، ئەم خەباتەش لە هەڵگیرسانی شۆرشە گەورەکانی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەردەکەوێ کە هەموویان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوون، بۆ نموونە: شۆرشەکانی میرنشینی بابان و شۆرشی میرنشینی بادینان، شۆرشی میرنشینی بۆتان و شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شۆرشەکانی ئیسماعیل ئاغای شکاك و شۆرشی ئیبراهیم پاشای میللی، و شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، و شۆرشەکانی عەشیرەتی مەردیسیان و شۆرشەکانی بارزان...هتد. هەندێک لەم شۆرش و راپەرینانە توانیویانە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە هەندێک نێوچەی کوردستان رابگەیەنن، بۆ نموونە وەك مەملەکەتی باشووری کوردستان کە مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید لە ١٩١٩-١٩٢٤ سەرۆکایەتی دەکرد و هەندێکیشتان وەك حکومەتێکی کوردی لەوجۆرەی کە حیزبی خۆیبوون لەکاتی شۆرشەکەی باکووری کوردستان لە ١٩٢٧-١٩٣٠ بەسەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا رایگەیاند و هەندێکیش وەك ئەو کۆمارەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە سەرکۆماری کوردستان قازی محمد ساڵی ١٩٤٦ رایگەیاند.

ئەم دەوڵەت و مەملەکەت و کۆمارانە لەگەڵ هەموو هەڵە و کەوتنیاندا وەك رۆناکی و مەشخەڵێک ماونەتەوە کە شۆرشگێڕانی کوردستان و ئازادیخوازان رێگەی خۆیانی تێدادەبینن.

بەڵام، ئەوە نیو سەدەیە و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی خێرای بەهەموو نێوچەکانی کوردستاندا هەروەك ئەوەی کە هۆی ئەم خێراییە پشتگیریی چەند دەوڵەت و

حکومەتێکی لەدواوویێ، هەروەکو بلاوبوونەوە خێراکەی ئالای زەرد و سەوز وابێ، هەر لە سەرەتاوە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتی بەست بە تیۆرییە مارکسیەکانی "لینین"، کە رۆڵی شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ و پیاوماقولانی گوند و شارەکانی کورد پووچەڵ دەکاتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەوڵەمەندن و پشت دەبەستێت بە زەحمەتکێش و پرۆلیتاریا تەنیا، چونکە هەژارن، وەك چۆن تیۆرییە مارکسییەکان نووسیویانە. لەراستیشدا لەو کاتەدا لە کوردستان نە ئەو بۆرژوایانە و نە ئەو پرۆلیتاریایە هەبوو کە لینین باسی کردوە و تەنیا ئامانج بۆ ئەم هەڵگەرانەوەیەی کۆمەڵگەی کوردەواریی ئەوەبوو کە گێرەشێوێنییەک دروستبکەن و نەهێڵن کە شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ سەرۆکایەتی شۆرشی کورد بکەن، چونکە هەموو شۆرشەکانی پێشووی کورد بوو کە لەژێر سەرۆکایەتیی شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ بوون، بۆ دەوڵەتی کوردی بوون و بۆ ئەوەی بگەن بەم ئامانجە پیسەش تیۆری دیکەی میکاڤیلیانەیان گرتەبەر وەك دەڵێن: ئەگەر بتەوێ گەلێک تەفروتونا بکەیت پیاوماقوڵ و خانەوانەکانی هەڵگێرە بە هیچ یان لای کەم پشتگوێیان بخە و ئەو کەسانە بهێنە کە هیچ کاریگەرییان لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵ و مێژووکەی نیە، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە لە شاری سلێمانی پرۆپاگەندە و بوختان بلاوبکاتەوە دەرهەقی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید و ناونانی بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو و تەوقەنەکردنی لەگەڵ نوێنەری بالای بریتانی کە بووەتە هۆی سەرەکیی بۆ ئەوەی کە گەلی کورد دەوڵەتی نەبێت. ئەم جۆرە پرۆپاگەندانە بەتەواوەتیی پێچەوانەی راستین، چونکە شێخ مەحموودی حەفید بوو کە دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستانی لەژێر بۆمباباراانی فرۆکەی بریتانیدا راگەیاند و ئەوانەی کە ئەم پرۆپاگەندە درۆیانە بلاودەکەنەوە ئێستا لەژێر پارێزگاریی فرۆکەی بریتانی و ئەمریکا دان، بەلام ناتوانن دەوڵەتی کوردستان راگەیەنن، وەك ئەوەی شێخ مەحموودی نەمر پێش سەد ساڵ کردی. کەواتە کێ دواکەوتوە؟!!!

هەر بەو شێوەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاتێ راپەرینی لە رۆژهەلاتی کوردستان پاش شۆرشی ئیسلامیی خومەینی بەرپاکرد، یەکەم شت کە کردی ئەوەبوو کە عەلی قازی تاکە کوری قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستانیان گرت و دایانە دەست حکومەتی بەغدا.

لە سووریا و تورکیاش، پارتی دێموکراتی کوردستان رۆڵی خانەوانانی گەلی کوردیان پشتگوێ خستووە تاکو ئەگەر هاتوو هەلێکی نێونەتەوەیی پەیدا بوو نەتوانن سەرۆکایەتیی گەل بکەن، وەك جاران دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن، بەم پێیەش سەرۆکایەتیی گەلی کورد، هەر لەدەستی پارتی دێموکراتی کوردستان و ئەو پارت و رێکخراوانەدا دمێنێتەوە کە لەو بوونەتەوە و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە لەلایەن دیمەشق و بەغدا و ئەنقەرە و تارانەوە بۆیان کێشراوە، هەموو شۆرش و راپەرینێک سەرکوت بکەن، کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەهێز دەکەن. نموونەی زۆر لەسەر ئەوە هەن کە لێرەدا باسی تەنها هەندێکیان دەکەم:

**زۆرجار هەندێک ئازادیخوازی کوردستان رامیاری پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە خیانەتکار ناوبردووە، ئەویش بەهۆی کردەوە و هاوپەیمانیەتەکانی لەگەڵ یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان دژی داگیرکەرێکی دی و، ئەو شەرە نێوخۆیانەی کورد، دژی کورد کە لەم رامیارییە کەوتوونەتەوە و، باشترین کادرەکانی رامیاری و سەربازیی گەلی کوردیان تێدا بوونەتە قوربانیی، تاکو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان رازی بکەن. لەبەر ئەوەش کە بیر و رێکخراوی پارتی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەن، هەریەکە لە هاوپەیمانییەکانیان لە بەشێکدا لەوی دی تەنیا لە شێوازدا جیاوە بەلام، لە نێوەرۆکدا هاوپەیمانەکانیان ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکەری کوردستانن و کۆمەکی گرۆێک دژی ئەوی دی دەکەن.**

هەروەها، پارتی دێموکراتی کوردستان هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ ئەو جاش و خیانەتکارانەی گەلی کورد ئەنجامنەدا بۆ ئەو تاوانانەی کە کردوویانە، بەتایبەتی بۆ تەگەرە خستنەسەر راپەرینەکانی کورد، خراپتر لەوەش فەرمانی لێبوردنیان بۆ دەرکردوون و پایە و پارەی خانەنشینیی بەرزی وایان بەو خیانەتکارانە داوە کە چەندین بەرامبەری پارەی پێشمەرگەکانە.

هەر کاتێکیش بوارێکی نێودەوڵەتی، یان نێوچەیی بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد پەیدابووبێ، ئەوا پارتی دێموکراتی کوردستان، شەرێکی نێوخۆیی لەگەڵ پارتەکانی دیدا دروستکردوە و، تا بوارەکە تەواو نەبووبێت، نەوەستاوە، وەك چۆن، لە شەستەکاندا کاتێک عراق لاوازبوو، نە چەکی کیمیاوی، نە چەکی پەرەسەندووی دیکەی نەبوو، شەرێکی کورد، دژی کوردی وا بەرپابوو کە شۆرشی کوردی خستە داوی بەیاننامەی ئاداری ۱۹۷۰ وە، کە تەنیا ئامانجی لەنێوبردنی شۆرش بوو، بەلام هەر کە بەیاننامەی ئادار دەرچوو، شەری نێوخۆیان وەستاند، چونکە تازە شۆرش کەوتبووە تەڵەوە و بەرەو نەمان دەچوو، ئیتر پێویستی بە شەری نێوخۆ نەدەکرد.

هەلێکی دی بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ شەری ئێران و عراقدا پەیدابوو کە ۸ ساڵی خایاند بەلام لەجیاتی سوودوەرگرتن لە باری شەری ئەو ولاتە داگیرکەرانەی کوردستان، پارتەکان لەنێوخۆیاندا شەرێ براکوژیان دروستکرد و تا شەری عێراق و ئێران نەوەستا، ئەویشیان نەوەستاند، ئەوجا پارتە کوردییەکان بەرەی کوردستانیان راگەیاند کە دەبوو لە سەرەتای شەری عێراق و ئێران دایانمەزراندایە، نەك لە کۆتاییەکەیدا.

**لە هەلی راپەرینەکەی ساڵی ۱۹۹۱ و کۆچرەوی ملیۆنەها کورد بۆ دەرەوەی سنوورەکانی "سایکس پیکۆ" و دەرەوەی ئەو ولاتانەش کە کوردستانیان داگیرکردوە و لەپاڵ پشتگیرییەکی بێوێنەی نێودەوڵەتیدا، لەجیاتی ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی**

**کوردی رابگەیەنن، سەرۆکەکانی کورد چوون بۆ بەغدا و تاوانبار "سەددام حسێن" یاسن ماچ کرد، ئەمەش بووە هۆی شکستی پشتگیریی جیهانی لەگەڵ گەلی کورد لەبەرزترین ئاستەوە بۆ سفر، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە نوێنەرانی ئەو پارتە کوردییانە کە لەکاتی ئەو کۆچڕەوە ملیۆنیە کوردییەدا لەسەر تەلەفزیۆنە جیهانیەکان دەردەکەوتن و دیکتەرەکان لێیاندەپرسین کە گەلی کورد چی دەوێت، ئەو لێپرسراوە کوردانە دەیانگوت: بەتانیمان دەوێت...!! بەڵێ، کاتێک هەموو جیهان بەهەموو توانای، گوێی بۆ تراژیدیای کورد قوتکردبوو، ئەوان وایان تێدەگەیاندن کە ئێمە "بەتانی" مان دەوێت، لە کاتێکدا کە هەژارترین کەسی کورد دەیان بەتانی لەماڵەکەیدا هەیە. بەڵێ، بەداخەوە راستیی ئەو تراژیدیایە بە دونیا نەگەیەیەندرا کە دۆزی گەلێک مافی دەوڵەتی لێ زەوتکراوە، نەك دۆزی بەتانی. تەنانەت هەندێکیش هەوڵیاندا کە سەرکوتیکەن، هەروەك چۆن هەندێك پارتی کوردی لە سووریا هەوڵی سەرکوتکردنی راپەرینە مەزنەکەی ئاداری ٢٠٠٤ یان کرد و تا ئێستاش هەیە کە ئەو راپەرینە بەچەند ناوێکی دەستکردی رژێمی سووری ناو دەبا، وەك گێرەشێوێنی و رووداوی دڵتەزێن و ئاژاوە و ناوی دیکەی زۆر دوور لەراستی کە راپەرینە...**

ئەم هەڵەی ئێستاش، کە ئەوە ١٦ ساڵە هێشتا لەبارە، لەپێشدا بە دروستکردنی شەری نێوخۆیی و براکوژی، هیچ بوارێکی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی بۆ گەلی کورد نەهێشتەوە، بەلام پاش گوشاری هێزەکانی هاوپەیمان لە عراق، رێککەوتنی خۆیان راگەیاند و ئالأی زەرد و سەوزیان داگرت، هەروەها بەزۆر حکوومەتی سلێمانی و هەولێریان پێیەکخستن و شەریان پێراگرتن، کە دەشبینن ئالأی کوردستان و سروودی نیشتمانی کورد پلەی یەکەمیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پەیداکردووە. هەندێک پارت خەریکی خۆڕێکخستنن بۆ گۆرینی ئالأ و سروودی کوردستان و لەبیربردنی ئەوەی کە ئەو ئالأیە پیرۆزە و ئالأی سلێمانی و هەولێر نییە، بەڵکو ئالأی کوردستانی گەورەیە و هەموو شۆرشەکان لەهەموو لایەکی کوردستاندا هەڵیانکردوە و گەلی کورد لێشاوێک خوێنی پاکی بۆ بەرزکردنەوەی رشتووە.

**راستە، ئێستا شەری چەکداریی لەنێوان پارتەکاندا نەماوە بەلام شەری نێوخۆیی هەر بەردەوامە ئەویش بەشێوەی بلاوکردنەوەی پرۆپاگەندە دژی یەکدیی، کە پرۆپاگەندەی درۆش لە چەك خراپترە. ئێستاش گرنگترین وەزارەتەکانی حکوومەتی کوردستان کە وەزارەتی پێشمەرگە و نێوخۆ و داراییین یەکیان نەگرتوە و هێشتا وەزارەت بە بەو نیوە لە لە سلێمانی و لە هەولێریش هەن. ئەم دابەشکردنە خۆی لەخۆیدا لەشەری نێوخۆ خراپترە، چونکە دابەشکردنێکە بۆ کۆمەڵگەی کورد، وەك بۆ نموونە: بە تۆری مۆبایل لە سلێمانی دەتوانی پێوەندی بەهەموو جیهانەوە بکەیت، جگە لە هەولێر، مۆبایلی هەولێریش جگە لە سلێمانی، پێوەندە بە هەموو جیهانەوە!!!**

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا من ناتوانم پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتە کوردییەکانی دی بە خیانەتکاری تۆمەتبار بکەم، چونکە ئەوان زۆر بەپاکی ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و، ئەوپەری دڵسۆزی ئەو پرینسیپانەن کە پتر لە نیو سەدەیە بۆیان دانراون تاکو گەلی کورد بە ئامانج و بیروڕای واوە خەریك بکەن کە دوورن لە ئاواتە بەرزەکەیان کە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیانە، ئەویش پاش سەرنەکەوتنی هەموو شالأوە سەربازییەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆرش لە هەموو نێوچەکانی کوردستاندا چونکە لەلایەکی دییەوە هەڵدەگیرسایەوە و پاش سەرنەکەوتنی هەموو بیروباوەرەکانی نێونەتەوەیی مارکسیزم و ئیسلامیەتی لە دوورخستنەوەی لە ئامانجە نەتەوەیاتیەکانی، بۆیە پەنایان بردە بەر قوتابخانەی پارتی دێموکراتی کوردستان کە داوای مافی کورد و کوردستان تەنیا لەیەك نێوچەی کوردستان دەکات. من پرینسیپەکانی قوتابخانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم خالأنەدا پوختە دەکەم:

١- دابەشکردنی هێز و تواناکانی گەلی کورد کە پتر لە ٤٠ ملیۆنن بۆ پارچە و گرۆ بەپێی رێککەوتنی کۆلۆنیالانەی سایکس – پیکۆ و تەواو وەك ئەوەی کە دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان دەیانەوێت.

٢- داننان بەم دابەشکردنە و خەباتکردن لەسەر بناخەکەی وای لە پارتی دێموکراتی کوردستان کرد کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خەبات بکات تاکو رۆڵی سیاسی خۆی لە رامیاری نێوچەییدا ببینیت، بە شێوەیەک کە لەبەرژەوەندیی یەکێک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بێت

٣- هەر لە زەمانی ئیمپراتۆریەتەکانەوە لەهەردوو رامیاریەکانی نێوچەیی و نێودەوڵەتیی، ململانێی دەسەلأت هەیە و کۆمەڵێکی هاوپەیمان دژی ئەوانی دی دەبنەوە و تا خودا بیەوێ هەرواش دەمێنێتەوە و دواییەکەی دیار نییە- پارتی دێموکراتی کوردستانیش ئەمە دەزانێت و لەم گەرەلاوژەیدا بۆیە بەشدارە تاکو دەسکەوتی مادی بۆ پارتەکەیان پەیدا بکەن و گەلی کوردستان لە ئامانجی رزگارکردنی کوردستان دووربخەنەوە. ئەگینا بۆچی یەکێکیان دژی ئەوی دی بۆ لایەنی عراق ئەجەنگێ کە لایەنگری ئێرانە و پاش ماوەیەکیش لەسەر یەك مێز دادەنیشن و هیچیان ئەوی دی بە خیانەتکار تۆمەتبار ناکات، یان، لەسەر کوشتنی هەزاران رۆڵەی گەلی کورد لەو دوژمنایەتیەیاندا لێپرسینەوەیان بۆ یەکدی نییە و هەموویان هەوڵی ئەوە دەدەن کە رۆڵ لە رامیارییەکانی نێوچەیی ئێران و عێراق و ئەوانی دی ببینن.

٤- ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە قورسایەتیان لە رامیاری ناوچەییدا هەیە ئەوانەن کە داگیرکەری کوردستانن لەبەر ئەوەشە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگیریان دەکات و هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان فریان بەسەر رزگارکردنی کوردستانەوە نەماوە، تەنیا وشەکانی کورد و کوردستان بۆ هەڵخەڵەتاندنی ساویلکەکانی گەلی کورد بەکار دەهێنن و بەو جۆرەش پارتی دێموکراتی کوردستان لە عێراقدا هێزی گەورەی گەلی کورد

بەکاردەهێنێت، تاکو ناو و رۆڵ بۆ خۆی لە رامیاریی نیوچەییدا پەیدا بکات.

٥-ـئەگەر وارێکەوت، یان بەزۆر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەسەر پارتی دێمۆکراتی کوردستاندا بسەپێنرێ، ئەو رەتی دەداتەوە نەك لەبەر خیانەتکاری بەڵکو لەبەر دڵسۆزی بۆ بیروباوەرەکەی لە بەشداری لە رامیاری ناوچەییدا، لەم بارەیەوە بەهەشتی مام عوسمان سەبریم بیر دەکەوێتەوە کە پێش ٤٠ ساڵ ئەمەی گوتم: سەکردایەتیەکانی کورد دەوڵەتی کوردییان ناوێت، بەلاَم رۆژێ لەرۆژان دەوڵەتێکی گەورە دێت و تێلایەک دەکێشێ بە سەریاندا و پێیاندەڵێت، دەوڵەتی کوردیی خۆتان راگەیەنن.

ئەمرۆش پاش نیو سەدە لە لایەنگیری بۆ سوریا و عێراق و تورکیا و ئێران و داواکردنی مافی گەلی کورد، تەنیا لە سنووری رامیاری ئەو وڵاتانەدا، کە داخوازییەکی رامیاریی ئەو وڵاتانە خۆیانە، چۆنکە بریتیە لە پاراستنی سنووری رامیاری ئەوان. بەڵێ، پاش نیو سەدە لەم جۆرە لایەنگیرییە دەبینم کە ئەوانەی لەسەر سیستەمەکانی راگەیاندنی عەرەبی هێرش دەکەنە سەر گەلی کورد زۆرترن لەجاران، هەرچەندە هێز و پشتگیرییەکی کوردی دۆرزنانە کە ئێستا لە عێراقدا هەیە لەراستیدا بەهۆی بوونی هێزەکانی هاوپەیمانە و ئەگەر ئەو هێزانە لە عێراق دەربچن، بارودۆخی کورد دەگەرێتەوە نەك تەنیا بۆ ئاستی سفر بەڵکو بۆ ژێر سفریش.

دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراق دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی ئەمریکا، ئەوساش هەرەسهینانێکی کوردی خراپتر لەوەی ١٩٧٥ روو دەدات.

من دڵنیام کە ئەم هەرەسهێنانە تەنانەت بەبێ هەڵبژاردنی ئەمریکاش بێشک روودەدات، چۆنکە ئەو جۆرە کیانەی باشووری کوردستان ناتوانێ خۆی بپارێزێ، چۆنکە پشتی بەستووە بە جاش و موستەشارەکانی سەددام و چەند گروپێکی نیونەتەوەیی خواز کە لایان گرنگ نییە، ئەگەر گەلی کورد پاشکۆی بەغدا بێ، یان کوبا... بێگومان لەوانەشە کە ئەوانە باشترین کەسانێك بن کە حکوومەتی کوردستان پشتیان پێیبەستێت، بۆیە پەروەردەی نەتەوایەتی و ئاسایشی نەتەوایەتی کورد جێگەیان لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و سیستەمەکانی راگەیاندندا نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر تەلەفزیۆنە کوردییەکان کەسانی واهەن کە هەڵەوگێراو سواری جاشەکەرەکان بن ئەمانەش چەند نموونەیەکن:

**١- نزیکەی ٨٠% کاتی تەلەفزیۆنەکانی کورد بۆ دانس و گۆرانی و موزیك، ئەو بەشەکەی کاتیش بۆ ستایشی ئەم حیزب و ئەو حیزبە، هەروەك گەلی کورد هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەرکراوە و تەنها دانسمان بۆ ماوەتەوە.**

**٢- زۆرجار رۆشنبیرانی کورد لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەڵێن کە تەنانەت ئەمریکاییەکانیش تووشی شەری نیوخۆ، واتە شەری براکوژی بوونەتەوە، واتە دەیانەوێ بەشێوەیەک لە شێوەکان پاکانە بۆ شەری براکوژیی کورد بکەن.**

٣- هەشە دەڵێ، گوایا ئەمریکاش بۆمبارانی ڤێتنامی بەچەکی کیمیاوی کردووە کە ئەویش پاکانە و بچووککردنەوەی تراژیدیای هەڵەبجە و بۆمبارانە کیمیاویەکەیەتی.

٤- هەندێک جاریش مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەگاڵتەوگەپەوە باس دەکرێت، ئەگەر بە جدیش باسی بکەن، ئەو رۆشنبیرە کوردانە یەك سەعات باسی مافی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکەن بەلاَم لەکۆتاییدا دەڵێن: (بەلاَم) سەعاتێکی دی باسی چەندین بارودۆخی ناڵەبار دەکەن و داخوازییەکە بە ناریالیستانە دادەنێن و چەندین پاکانەی دی دەهێننەوە کە هەموو دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان بەدڵیانە. ئەگەر زۆر باشیش بڵێن، دەڵێن، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو کوردێکە، بەلاَم بێشک خەونی ئەوان نییە، بۆیە پارتی یمۆکراتی کوردستان پێوەندیی لەگەڵ ئەوانەدا دەبرێت کە خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینن و گۆشەگیریان دەکات.

لە کۆتاییشدا رێکخراوەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان وەك ئەو باڵندەیەیان لێهاتووە کە دەیەوێت لاسایی دەنگی باڵندەیەکی دی بکاتەوە بەلاَم ناتوانێ و دەنگی خۆشی لەبیردەچێتەوە. ئەوەتا پاش نیو سەدە لە هەوڵدان بۆ رۆڵگێران لە رامیاری نیوچەییدا بیر و رێکخراوەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان نەیانتوانیوە تەنانەت کورسییەک، یان جێگەیەک لەریزی پشتەوەی رژێمەکانی سوریا و عێراق و ئێران و تورکیاشدا و، تەنانەت لە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو رژێمانەدا پەیدابکەن. لە وڵاتانی دێمۆکراتیدا کاتێک رامیاری حکوومەتێک لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا سەرنەکەوتوو دەبێت، وازدەهێنێت، کەچی ئەوان ئەوە نیو سەدەیە سوێندی گەورە دەخۆن بۆ دەوڵەت و گەلەکانی نیوچەکە بیر و رێکخراوەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یا جیابوونەوە لەو دەوڵەتانە نادەن، بەڵکو سەرەرای ملیۆنەها قوربانیی کورد لەلایەن ئەو رژێمانەوە بەبێ هیچ مافیک، کەچی سەرەرای سەرنەکەوتنیان لە دڵنیاکردنی دەوڵەتەکانی نیوچە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگریانن، هەر وازناهێنن. چونکە ئەگەر وازیان بهێنایە دێوەزمەی کورد لە شوشەکەی دەهاتە دەرەوە و دەستی دەکرد بەخەبات بۆ رزگاریی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. با بەئەندێشە سەیرکەین ئەگەر هێزەکانی جەنەراڵ موستەفا بارزانی و دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەوانی دی یەکیان بگرتایە، ئایا هیچ هێزێک لە جیهاندا دەیتوانی پێشبگرێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.

ئەز، یەکێکم لە ئازادیخوازانی کوردستان، کاتێک کە ئەندامی پارتی کاژیك بووم کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد، بەشداریم کرد لە شۆرشی ئەیلول و یەکەم کورد بووم لە رۆژاوای کوردستان کە چەندین جار لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ بەهەشتی موستەفا بارزانیدا کۆبێتەوە و پیرۆزبایی بکات بۆ ئۆتونۆمی و پیرۆزباییشم لە "بۆ لاپەرە ٣١"

# من دژی پێشنیازی مسیارم

**نووسینی: پەری کەریمی نیا**

**بۆ ئەوەی کە لە ئازاد بوونی خۆت دڵنیا ببیت،**
**هەوڵی داگیرکردنی ئازادییەکانی دەوروبەرەکەت بدە!**



**پێشنیازی مسیار، یان رەو، یان (سیغە) ی شیعەکان، ماوەیەکە زۆر بە زەقی و بێنەوەی بیرێک لە مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی و ئەزموونی وڵاتانی دراوسێ لەو پرۆسەیە بکەنەوە، باسی لێوەدەکرێت و، ئەو بیرۆکەیە دەیەوێ خۆی وەکو دیاردەیەک بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت.**

**هەروەك لە نێوی باسەکەوە دیارە، من دەمەوێ دژایەتیی خۆم لە گەڵ پرۆژەی "مسیار" بە نووسین دەرببڕم و بۆ پەسەندنەکردنیشی لە پارلمانی کوردستاندا، هەوڵی بۆ بدەم، تەنانەت ئامادەم مانیشی بۆ بگرم.**

**من دەمەوێ بەم تەوەرانەوە بچمە نێو باسەکەوە :**

**١- پێشنیازی مسیار و ناساندن و شیکردنەوەی نێوەرۆکی ئەم بیرۆکەیە بە پێی شێوەی باسکردنی لە نووسراوەکانی ئەو وڵاتانەی مسیار تێیاندا باوە**

**٢- بەراوردکردنی دیاردەی مسیار لە گەڵ "جارنامەی مافی مرۆڤ"**

**٣- بەجێی پێشنیازی مسیار، دەتوانین چ شێوەیەکی دیکە پێشنیاز بکەین**

**٤- بۆ ئەوەی ئەم پێشنیازە پەسند نەکرێت و پێش لەوەی بڵاوببێتەوە و داسەپێت، دەبێ چ رێگەیەک بگیرێتە بەر؟**

**- پێشنیازی مسیار و ناساندنی و، خستنەڕووی نێوەرۆکی ئەم دیاردەیە و، هەڵسەنگاندنی لە نووسراوەکانی ئەو وڵاتانەی کە مسیار تێیاندا باوە.**

شووکردنی مسیار یان رەو، بریتیە لە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیریی لە نێوان نێر و مێ دا. ئەم جۆرە شووکردنە هەموو جۆرەکانی یاسایی و شەرعی تێدایە بێجگە لە (النفقة و البیوتە). و ژنەکە هەر کات ویستی، خۆی دەستبەرداری دەبێت.

**ئەمە دەقی چۆنێتیی شووکردنە بەشێوازی مسیار، لە روانگەی شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی کە خۆی بەخاوەنی پێشنیازەکە دەزانێت!**

بەڵام مسیار (سیغە) لە وڵاتێکی وەك ئێران، بۆ نموونە کە ئاینی رەسمی وڵات شیعەیە و بەردەوام لەم وڵاتە، هەوڵی ئەوە دەدرێ کە بێجگە لە پەردانی زیاتری لە نێو شیعەکاندا، هەروەها لە نێو سوننە و، ئاینەکانی دیان (مەسیحی) و ...هتددا بڵاو بکرێتەوە. رێ بە سیغە، یان هاوسەرگیریی کاتی دراوە و، لە سەر کات و برەپارەیەکی دیاریکراو وەستاوە. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا ژن و پیاو مافی میراتوەرگرتنیان نییە و پیاوەکەش دەتوانێ هەر چەند ژن کە دڵی بیخوازی مارەی بکات، بێئەوەی کەس رێگری بێت. کەسیش لەوە ناپرسێت، ئەو پیاوە چەن ژنی دیکەی کاتی و، مارەکراوی رەسمیی هەیە. هەروەها منداڵی ئەم جۆرە پرۆسەیە، مافی ئەوەیان هەیە کە میرات لە دایك و باوکیان وەربگرن.

**٢- بەراوردکردنی تەرحی مسیار لە گەڵ جارنامەی مافی مرۆڤ**

**"مادەی (١) ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ" باس لەوە دەکات، هەموو مرۆڤەکان، بە سەربەستیی لەدایک دەبن و، لە کەسایەتی و بەهامرۆڤییەکان و ماف دا یەکسانن.**

**هەروەها "مادەی (٤)" یش باس لەوە دەکات، کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە کۆیلە قەدەخەیە.**

بە پێی ئەم ٢ مادەیە، مسیار نامرۆڤانەیە، چونکە ئەگەر بریاردراوە هەموو مرۆڤێک یەکسان بێت لە مافدا، کەواتە دەبێت لە هاوسەرگیریشدا یەکسانیی هەبێت. ئەم بریارە هەموو پیاوێک دەگرێتەوە، جا ژنی هەبێت، یان بەپێچەوانەوە. ئەوەی کە ژنی نییە مافی خۆیەتی هەوڵبدات ژن بهێنێت، بەڵام ئەویتر، چونکە بە پێی یاسا

وداونەرێتی دواکەوتووانە، رێی پێدەدرێ بۆ هەمیشە چەندین ژنی هەبێت و، هاوکات چەندین ژنی کاتیشی هەبێت. ئەمە خۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

**بە بۆچوونی من، دیاردەی مسیار، زیاتر لەوەی بیر لە چارەسەر کردنی کێشە بکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە چون ئەو باوەرە پەرەپێبدات، کە پیاوانی خاوەن ژن، ژمارەی ژنەکانیان بکەن بە سێ، یان چوار ژن، جا کاتی بێت، یان هەمیشەیی، چۆنکە لە زۆربەی ئەو بابەت و راپرسیانەی کە لەم بارەوە خوێندوومەتەوە، ئەوە پیاوە ژندارەکانن کە زیاتر پێشوازیی لەم دیاردەیە دەکەن، نەک پیاوانی بێژن!)**

هەرچەندە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەر زوڵمە و جۆرێکە لە کۆیلەکردنی تاک و بەکارهێنانی خراپ لە یاسا، یان لە شەرع، بۆ بەرژەوندیی رەگەزی پیاو، کە ژنێک، یان چەند ژن لە ماڵەوە گیرۆدەی خۆی دەکا و، مافی هەموو شتێکی پێدراوە، بەڵام بۆ ژنەکانی نە! بەنێوی ئەوەوە بەختیویان دەکا، خۆی بە خاوەنیان دەزانێت. جگە لەمەش، رێ بە پیاو دراوە، ژنێک، یان چەندانی دیکەش بکاتە کۆیلەی خۆی و بەحەزی خۆی و ئەو ژنە، بەو هیوایە لە گەڵی دێتە پرۆسەی مسیارەوە، کە ببێت بە هاوسەرت.

بەپێی **"جاڕنامەی مافی مرۆڤ (مادە ١٦)"**، بنەماڵە و خێزان پێکەوە بنێت (کە لە مسیار دا پێکەوەنانی خێزان دەکەوێتە دواپلەوە، کە هومێدیکی لێ رەچاو ناکرێت) نە ئەوەی مافی هەڵبژاردنی دیکەی لێوەربگیرێتەوە، چۆن دڵی بە تۆ خۆش کردووە، هەروەها تۆ مافی پیاوی دیکەش زەوت دەکەی، چۆنکە خاوەن ماڵ و منالێت، رێ لەوانی دیکە دەگریت کە دەستکورتن و، ناتوانن خێزان و، منداڵ پێکبهێنن. کەواتە دەبێ بڵێین کە ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە کۆمەڵێک کچ و کورمان هەیە کە خاوەن خێزان نین، لە بەر هۆی شەر، گرانی، کۆچ، نەبوونی کەسی باش بۆ هاوسەرگیریی، نەبوونی هاریکاری و خزمەتگوزاری باش لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ پێکەوەهێنانی خێزان. کێشەمان ئەوە نییە کە پیاوی ژندار، ژنی دیکەی بۆ بدۆزینەوە و، ئەگەر بیر لەوە دەکەینەوە لە هەڵەداین، چۆنکە مافی تاک دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەمە دژی جاڕنامەی مافی مرۆڤە، هاوکات نابێت بە هۆی ئەوەی کە یاسا، یان کۆمەڵگە کردەی توندوتیژی لە گەڵ ئەو کەسانە کە خۆیان بێ کڵاوی شەرعی خەریکی دۆزینەوەی جووتن بۆ خۆیان، ئەنجام دەدات، ئێمە لە چاڵێکی تریان بخەین کە هەزارەها کێشەی دیکەی لە دوایە وا کە ئەگەر کچێکیش بێتە ئەم پرۆسەوە (کە بە توندی دژی هاتنی کچان تەمەن منداڵ (١٨) بۆ ئەم پرۆسەیەم و دواتر باسی دەکەم) خۆ پەردەی کچێنی لە دەستدەدات چۆنکە جەخت لە سەر جووت بوون کراوە لە مسیار دا، کەواتە دوای ئەوە لە گەڵ پیاوەکە رێکنەکەوت، دەبێ تا ماوە، بە بێپەردەیی بووکی ماڵباوان بێت و کۆمەڵگە و بنەماڵەش نایانەوێ و، رەنگە بیکوژن، یان خۆی خۆی بکوژێت **(من لە گەڵ ئەو باسە نیم کە پەردەی کچێنی ببێتە پێرەو بۆ پاکی، یان بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی مێینە. ئەو پەردە جگە لە رێی سێکسەوە، لە رێگەی دیکەشەوە لادەبرێ و، رەنگە کچە، دەستدرێژیی بکرێتەسەری)، کەواتە ئەو باسە ئەخلاقییە کە بۆ ئەندامی ژن دەگەڕێتەوە و باسی پاك و پیسی تێدانییە دەبێ وەلابنرێت. ئەگەر نەمانی پەردەی کچ بکرێتە پێوەر و هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و رەوشتبەرزی و رەوشتنزمیی ژن، ئەی دەبێ چ پێوەر و مەرجێک بۆ کەسایەتی و رەوشتبەرزی، یان رەوشتنزمیی پیاو دابنرێت؟ ئەی پیاو کە ئەوەیان نییە، هەموویان بەرەوشتن، یان بێرەوشتن؟؟؟**

شێخ لە باسکردن لە ئامانجەکاندا دەڵێت، بەرزبوونەوەی خەرجی شووکردن و ژنهێنان، وایکردووە کە چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریی ئاستەنگ بێتەوە!

لێرەدا، ئەمەش لە گەڵ مافی تاک و ئەرکی دەوڵەت لە بەرامبەر تاك، لە جاڕنامەی ماڤی مرۆڤدا یەکناگرێتەوە، چۆنکە لە **مادەی (١١)** دا دەڵێت: **"دەوڵەتان دەبێت دان بە مافی هەموو تاکێکدا بنێن، کە خۆیان و خێزانەکانیان لە ئاستێکی گونجاودا بژین و، لە بەرامبەر ئەمەشدا هەموو کەسێک مافی ئاستێکی ژیانی هەیە کە بۆ پارێزگاریی تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانەکەی پێویستە. کەواتە کاتێک، تاك نەیتوانی خۆی هەستێت بە ئەنجامدانی کارێک، ئەوەش پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کارهاسانی بکات بۆی".**

بۆ نموونە لە هەموو وڵاتاندا یارمەتی دارایی بۆ هاوسەرگیری و دیاری و خەڵاتی هاوسەرگیریی هەیە، با لێرەش لە وڵاتی ئێمە ئەم دیاردەیە دەستپێبکا. بۆ نموونە پێدانی خانوبەرە بە کرێیەکی کەم، دانانی یاسا و دروستکردنی فەرهەنگی ئەوەی کە شتەکان لە ئاستێکی **شیاو**دا بن، با ئەو کولتوورە لە نێو ژنان و پیاوان دا جێ بخەین کە پرۆسەی هاوسەرگیری بە مانای پێکەوە ژیانی دوو کەسە، نەک فرۆشتنی یەکیان و، کرین لە لایەن ئەوی دیکەوە، کە هەر کۆیلە و کۆیلە گرتنەکەیە و، لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا **ئاماژە بە لەنێوبردنی کراوە**. ئەمن لێرەدا تەنیا **دژی کاری کچێک نیم** کە لە بەر بیروباوەڕ و کولتووری داسەپاو بەسەر کۆمەڵگەدا، خۆی دەفرۆشێت، بەڵکو دژی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی **"شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی" شم** کە دەڵێت: **"هەندێ ژنی دەوڵەمەند هەن کە ئاستی ئابوورییان بەرزە، واتە با ئەوان بژێوی پیاوەکە بدەن".**

من دژی ئەوە نیم کە ژن و پیاو وەکیەك لە بواری ئابووریدا هاوکاریی یەکتر بکەن، یان لە کاتی تەنگانەی ئابووریدا دەستی یەکتر بگرن، بەڵام دژی **ئەوەم یەکیان تەنیا مشەخۆر بێت و ئەوی دیکەش بیخوات** بۆ ئێمە ئەو فەرهەنگە دروست نەکەین، کە ئێمە بەشێکین لەم کۆمەڵگە و پێویستە هاوکاری ئابووریی وڵاتەکمان بین، بەجێگەی ئەوەی ژنان گشت گیانیان بکەنە زێر، کە سەرمایەی خەوتووی نەتەوەیە و، کەڵکی نییە. یان چەندین ئۆتۆمۆبیل و خانوبەرەمان هەبێت کە هەمووی زیاتر مەسرەفین. بیر لەوە بکەینەوە

کە ئەو پارە و سەرمایەخەوتووە بخەینە گەڕ بۆ داهات بۆ وڵاتەکەمان و هەندێ لە کێشەی بیکاریش چارەسەر دەکەین، چۆنکە بەو سەرمایە دەتوانین کارگە دروست بکەین و وڵات ببووژێنینەوە، نەئەوەی بیر لەوە بکەینەوە چۆنکە بەرامبەرەکەمان پارەی هەیە، کەواتە چۆن بیر بکەینەوە لە ژێرچنگی دەریبێنین. ئەو شێوە بیرکردنەوە کێشەی زۆر گەورەی لە وڵاتانی دیکە ناوەتەوە، چۆنکە یەکترینیان تا کاتێک دەوێت کە پارە هەیە دوایی بای.



**لێرەدا باس لە بەشێکی دیکەی پرۆژەکەی (شێخ) دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە باسی بەرگیری لە "زنا" لە نێوان ژن و پیاو دا دەکات و دەیەوێت بەم شێوەیە، کۆتایی بەم کردەوەیە بێنێت، کە بە دیاردەیەکی ناهەمواری ناناس دەکات و، لە وتووێژێکیشدا کە لە گەڵ کارزان کەریم کردوویەتی، لە ژێرناوی "ژنان خاوەنی پرۆژی زەواجی مسیار"، مسیاری بە ١٠٠% یەکانگیر لە گەڵ ئاینی ئیسلام وەسفکردووە و ئاماژەشی بەوە کردووە کە لە بەرامبەر (٨) ژن دا، تەنیا یەك پیاو هەیە (سەرچاوە -PUKmedia 29 8-2007 ). ئەمەش بۆ بەرگیریکردن لە ژنانە کە بێمێرد نەبن و دەستنەدەنە خۆکوژی و خۆسووتاندن و، پێشنیازی مسیار لە بەرژەوەندیی ئەواندایە. من بەر لەوەی وەڵامی بیروبۆچوونەکانی سلاوی ژێژەك بدەمەوە، دەمەوێ بڵێم کە پێکنەهێنانی هاوسەرگیری و نەبوونی مێرد (شوو)، یەکێکە لە هۆیەکانی خۆکوژیی ژنان". هەروەها کە باسی خەیانەت هاوسەر دێت، بۆ ئێمە پێمانوایە کە تەنیا پیاوانن کە خەیانەت لە هاوسەرەکەیان دەکەن، هۆیان هەیە بۆ ئەو خەیانەتە، واتە ژنەکانیان تێریان ناکەن، یان هەر بەزۆری کە ئەبینین داخوازییان زۆرە..."**

بەڵام، ئامارەکان دژی قسەی شێخمان پێدەڵێن، چۆنکە ئەوە زیاتر ژنەمێردداەرکانن کە بەهۆی توندوتیژیی لەلایەن مێردەکانیانەوە بەرامبەریان ئەنجامدەدرێ، خۆیان دەکوژن، یان لەلایەن مێردەکانیانەوە دەکوژرێن. **جەنابی شێخ پێمان ناڵێ و، ڕێمان پێشان نادات کە ئەو ژنانەی پیاوەکانیان تێر ناکەن، ژنەکانیان چ شێوە و ڕێچارەیەک بگرنەبەر!!؟؟** بەڵام وەڵامی ئەوەی پێشوو: **سلاوی ژێژەك** لە وتاری ئێمەی ترساو لە هەموو شت، باس لە ملهۆڕی دەکات و دێمۆکراسی بە شێوازیک کە ئێستا دەیبینین بە دیکتاتۆری نێودەبات، ئەو لە زاری نیچەوە باس لەو بوونەوەرە دەکات کەناتوانێت خەون ببینێ و ماندووە لە ژیان. ئەو بوونەوەرەی کە ئامادە نییە خۆ بەدەم مەترسییەوە بدات و تەنیا بە دوای هێمنی و ئاسایش و خۆشی و ڕیزگرتنی دوولایەنە و دانانی سنوور لەنێوان چاکە و خراپە بۆ کەسانی دیکەدا دەگەڕێت: ماوەیەك **شرینقە** تۆزی ژەهر یا مادەی سڕکەر بە هۆی شرینقەلێدان لە خۆ، خەون و خولیای خۆشیی بەدواوەیە و پاشان لێدانی ژارێکی زیاتر بۆ چوونە نێو باوەشی مەرگێکی پەسەندکراو و خۆشەوە.

ڕاستیی، مرۆڤی ئێمە بۆ ناتوانێ خەون ببینێ؟ بۆ بەردەوام لە نێو فۆڕم و ڕوانگەکۆنەکاندا بە دوای وەرامێک بۆ ژیانی ئەوڕۆی دەگەڕێت، کە هیچ شتێک وەك هەزار و پێنج سەت ساڵ لەمەوبەر و، وەك سەردەمی (ئادەم) نەماوە؟! هۆی چییە کە ئێمە کۆمەڵگەکەمان تووشی قەیرانی وەکوو بێ مێردی و ... هتد بووە؟! ئەو دیاردانەی شێخ باسیان دەکات، زوو لە نێو مانا کۆنەکاندا سێرچیک دەکەین و جلێکی جوانی لە بەردەکەین و، تێکەڵ بەهەندێ هەست و سۆز و خەمی دەکەین و، پێشکێشی دەکەین و، بەپێی ئەو "ڕەوایەتیی" (مشروعیت) ەی کە بە ماناکۆنەکان دراوە، ئەمەیش بە ڕەوا دادەنێین و مۆری ١٠٠% ی بۆ وەردەگرین. **ڕوانگەی کۆن کە لە سنوور ناترازێ و، بەردەوام هاواری خۆگونجانی لەگەڵ دونیای ئەوڕۆدا دەکات و، خۆئامادەکردن بۆ ئەو دنیاش، وەك پێشکێشی دەهێنێتەوە و مزگێنی دەدات کە لەو دونیا (٧٢) حۆریی کە بەردەوام کچن ئامادە کراوە. ڕاستی قەت بیر لەوە کراوەتەوە کە پاداشتی ژنان لەو دونیا چییە!؟** ئەو هەموو بەڵێن و، مزگێنییەی بە پیاوان دەدرێت، ئەی بۆ ژن؟ ئەم ئەفیون و بێهۆشییە تاکەی!؟ تاکەی سنووری چاکە و خراپە لە نێو ماناکۆنەکاندا دەدۆزرێتەوە؟ ئێمە چ ڕەوایەتییەکمان هەیە گە ئەو سنوورە دەستنیشان بکەین؟! ڕوانگەی کۆن چ وەڵامێکی بۆ ئەو هەمووە ژنە بێتاوانانە هەیە کە مێردەکانیان لە لایەن ترۆریستانەوە کوژراون؟ چ وەرامێکی بۆ ئەوانە هەیە کە بۆ (٧٢ حۆری) خۆیان دەتەقێننەوە و ژن و منداڵیان بێئاگا لەهەموو شتێکن، یان ئەو ژنە شەهیدانەی ڕێگەی ئازادیی کە بە کچێنی شەهیدکران، یان ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان هەر بەو مەبەستە تێداچوون!؟

نامەوێ ئەو وەرامە سواوە ببیسم کە ئەوانە خراپ لە ئیسلام تێگەیشتوون و، ئیسلامی ڕاستینە ئەوە نییە. بە وتەی فۆرمالیستەکان، مەرج نییە شتێک خۆی لە خۆیدا جوان بێت!؟ مەرج ئەوەیە کە لە نێو خەڵکدا چۆنە و چۆن دەیکەیتەوە و چۆن پێی هەڵدەستن و دادەنیشن. ئیسلام دەڵێت، **پیاو بە مەرجێک دەتوانێ چەند ژنی هەبێت، کە بتوانێ یەکسانیی لەنێویاندا ڕابگرێت**. من دەڵێم، ئەگەر کەسێک بتوانێ یەکسانیی بپارێزێت، یان درك بە واتای یەکسانیی بکات، هیچکاتێک ڕێ بە خۆی نادا کە بیر لە زەوتکردنی مافی کەسێکی دیکە، بۆ مەبەستی خۆشییەکانی خۆی بکاتەوە.

**ژیژەك**، هەروەها هەر لە وتاری **"ئێمەی ترساو لەهەموو شتێک"** دا دەڵێت: "بۆ سەرگرتنی بیروباوەڕی تاك، یان کەسەکان، بنەما و بناخەی دیاردەکە لە بیر دەبەنەوە. بۆ نموونە موسڵمانەکان بۆ ئەوەی کە شەڕ دژی بێگانە؟! بکەن، یان دژی ئاینێکی دیکە، یا هەر شتێک کە خۆیانی بۆ بە کوشت دەدەن، هەموو ڕێگەکان تاقی دەکەنەوە، ئەم بنچینەخوازانە، لەلایەک بۆ سەرکەوتنی بیروباوەڕەکەیان پەنا دەبەنە بۆ بەر توندوتیژی و کردەی نابەجێی دیکە، لەلایەکی دیکەشەوە، باس لەوە دەکەن کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە ناوی دیمۆکراسی و لەنێوبردنی تیرۆریستێک کە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات، هەموو ئامراز و ئامێرەکان بە کاردەبەن، لێرەدایە کە بنەماکانی دیمۆکراسیيان لە بیر دەچێتەوە.

کەواتە هەر بە پێی بۆچوونەکانی **"سلاوی"** با بەناوی چارەسەرکردنی کێشە، یان قەیرانێك بنەمای پرۆسەکە، کە دەمانەوێت ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزینەوە نەخەینە ژێرپرسیارەوە، چونکە ئەمە چ خزمەتێکە کە بنەماکانی مرۆڤایەتی دەبەینە ژێر پرسیارەوە و بە چارەسەرەکەی هەزاران کێشەی نەزۆکی تر دەنێینەوە. ئەم ڕێگەچارە، وتەی ئەو مەلایانە دەخاتەوە بیرم، کە پیاو بە نانهێنەرەوەی ماڵەوە دادەنێن و دەڵێن ئەگەر ئەمەی بە باشی ئەنجامنەدا، ژنان، یان ئەندامانی خێزان بۆیان هەیە دزی لێبکەن، بەڵام ئەم مەلایانە ئەوەیان لە بیر چووەتەوە کە ئەگەر دزییەکەیان ئاشکرا بوو، دادگە چ سزایەک بە سەریاندا دەسەپێنێت، یان ئەگەر لەوڵاتێکی وەکو ئێران، یان عەرەبستان ژیان، دەستیان دەبڕنەوە، ئەوجا پیاوەکەش دەڵێت: **"من ژنی دزم ناوێت!"**. واتە سەرچاوەی کێشەکە نەسڕینەوە بۆ ئەوەی هەموو وەڵامێک، یان هەموو کردەیەك بیگرێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەم شتانەی کە باسم کرد بەرلەوەی تەوەرێکی دیکە باس بکەم، دەمەوێ ئەو پرسیارە بورووژێنم کە ڕاستیی بوونی خێزان، یان ئەو بانگەشەیە بۆ خێزان گونجاوە کە خێزانێک خەریکە لەنێو بێمانایی و فرەقەیرانیدا خول دەخوات

لە پێشنیازی مسیار، لە سەرەتادا ئاوڕ لەوە دراوەتەوە کە دەبێت سێکس و حەزی سێکسی بەراوردە بکرێت و، لە کۆتایی هەموو شتێک ئاوڕ لە بنەماڵە، یان پێکهێنانی خێزان کراوەتەوە. ئا لێرەدا پرسیارێک زەق دەبێتەوە: **"پێکهێنانی خێزان و هەبوونی خێزان پێویستە، یان خێزان و بنەماڵە بەم شێوەی ئێستا کە پڕە لە بەکارهێنانی هێز و ئیقتیدار authority و چەوسانەوە پێویستە".**

سەرەتا خێزان، دەسەڵات و هێز، پێناسە دەکەین و، بە پێی بۆچوونی فێمینیستەکان، هەبوون و نەبوونی خێزان بەم شێوەی ئێستاش شیدەکەینەوە:

**"خێزان، بریتییە لە گرووپێکی بچووک لە تاکێکی نێر و، تاکێکی مێ و، منداڵێک، یان چەند منداڵێک کە پێکەوە دەژین. هەندێ جاریش، دایە گەورە، یان باوە گەورە، یان کەسانێکی نێزیک بە بنەماڵەکە لەگەڵ خێزانێکدا دەژین کە فێمینیستەکان ئەم شێوە بنەماڵە و خێزانە بە یەکێک لە شوێنە سەرەکییەکانی سەرکوتی ژنان دادەنێن".**

**"ماکس ویبێر" یش، بەهێزبوون بە نیشانەی عەینی و هەستپێکراوی هێز power دادەنێت.** ویبێر هێز وەکو شانسێک دادەنێت کە کەسێک لە نێو جەرگەی پێوەندیی کۆمەڵایەتیدا بتوانێت خواست و ئارەزووی تاکەکەسیی خۆی لە بەرامبەر خۆڕاگریی کەسانی دیکەدا سەربخات. **بەهێزبوون و، دەسەڵات** بە شانسی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو تاکانە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی، کە ئامادەیی پێڕەوکردنی ئەو فەرمان و دەستوورانەی کە دەدرێ پێیان، هەیە. ئەگەرچی ئەوە قورسایی کەسەکانە چ لە بواری کۆمەڵایەتی و چ لە بواری ئابووری و ڕاهێنان و ...هتد، کە لەم نێوەدا دەور دەبینێت. لێرەدا دبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو قورسایی و هێزە، بەردەوام لەنێو ئێمەدا توندوتیژی لێدەکەوێتەوە و مافی کەسێکی دیکە زەوت دەکرێت و تاکی بەهێز، چونکە پێیوایە دەسەڵاتی هەیە، کە واتە ڕاستی و ڕەوایەتیی (شرعیت) یشی لەلایە، واتە بۆ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە لە هیچ شتێک لاری نییە و، تەنانەت کەسیشی بۆ دەکوژرێت، بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت و بە ئامانجێکی دیاریکراو بگات و، بەهۆی ئەو کەرەسانەی کە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی کەڵکیان لێوەردەگرێت و دەروونی کردووەتەوە، وا لە سوبژە یا کەسی بەرامبەر دەکات کە بە سەرپێچیکردن لێی، هەست بە تاوان بکات و خۆی، یان هەر سەرپێچیکەرێکی دیکە ئازار بدات. ئا لێرەدایە کە دەسەڵاتی زاڵ هەر جۆرە بەراوردکردنێکی هەستەکان، جگە لەچوارچێوەی خێزان بە لاری و دەنگهەڵبڕین دادەنێت. کەواتە دێت بانگەشەی باشترین پێوەندیی نێوخێزانیی دەکات.

خێزان! ئا لێرەدایە کە پیاوان بۆ ئەوەی جەمسەری ڕێکخستنی هێزەکەیان لە دەست نەترازێت، ژن و دەسەڵات و ئەرکەکانی بە پێی چوارچێوەی داڕێژراوەکەی خۆیان پێناسە دەکەنەوە و، نێوەڕۆک و ماناکەی، بە ڕوانگە و لێکدانەوەی پیاوەوە دەبەستنەوە. لە **هەنبانەبۆرینە** دا، ژن بە زە، بنیادەمی مێچکە و جووتی پیاو ناسێنراوە و هەر کارێکی ژنانە کە پیاوان بیکەن، بە **"ژنانێ"** دادەنرێت، کە بە پێی بۆچوونی خەڵك سووکە و خراپە، بەڵام لە بەرامبەر دا پیاو بە مرۆڤی نێر و مەرد و ڕەند و دلاوا پێناسە کراوە

و، ئەوەی ئیشی باشیشە بە کارێکی پیاوانە وەسفکراوە و ژنێکیش ئەگەر کاری باشی کرد، ئەوا کارەکەی بەکارێکی **"پیاوانە"** نێو دەبەن، ئەمەش ئەو مەبەستە دەگەیەنێ کە کاری "باش"، هەر لە پیاو دەوەشێتەوە. کە واتە ژن بەبێ پیاو، هیچ واتایاکی نامێنێت.

پیاو، لێرەدا هەر بەو پێیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، کاری ژن بە بێکەڵک دادەنێت، هەر بۆیە لە نێوان خۆی و ماڵەوە **home-baked** هێڵێکی سوور رادەگرێت و لەم لاوازییەی ژنیش کە خۆی نەیهێشتووە کاری هەبێت و کاری ماڵەوەشی وەك کارێکی بێ خەرج و مووچە لێوەرگرتووە، کەڵکی تر وەربگرێت و بۆ درێژەدان بە رێبازەکەی خۆی، منداڵ دەخاتەوە و پێداگریی لە سەر منداڵی کوڕیش دەکات.

بەڵام شتێکی سەیرتر و ناخۆشتر ئەوەیە کە پیاو کە **"مشروعیت"**ی هەیە و رێی پێدراوە بۆ هەر کارێک و لە لایەن دەسەڵات و یاساوە پشتگیری دەکرێت و، هەر ئەم پێشنیازی مسیارە، نموونەیەکی باشە چۆنکە پیاوی لە پشتە و، ئەگەرێکی کەم هەیە بۆ رەدکرنەوەی لە لایەن پیاوانەوە و تەنانەت لەلایەن ژنان خۆشیان، چۆنکە دەسەڵاتی زاڵ ناهێڵێت لە چوارچێوەی دەربچێت. کە واتە فمێنیستەکان هەوڵدەدەن بنەماڵە وەکوو یەکەیەکی سروشتی سەیر نەکرێت و هەڵبوەشێتەوە و وەکوو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دابنرێت، نەوەك ئەوەی کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی پیاو، دەسەڵاتێکی دیکە دابنرێت.

ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانە و مرۆڤانەوە سەیری ئەم پرسە بکەین، دەبینین کە نە ئەم پرسی مسیارە و نە بنەماڵە بە شێوەی ئێستا، ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێت، چۆنکە بنەماکانی هەر دووکیان، هەلومەرجی یەکسان و لەبار و ئازادی تێدا نییە بۆ ئەوەی تاك لەم دونیا نوێیەدا بتوانێت خۆی پێناسە بکات، دونیایەك کە دیاردەکانی بە تایبەت لە جیهانی سێیەمدا بە یەکسانی دابەش ناکرێت و، هەر ئەم نایەکسانییەش زەوینەیەکی ئامادە بۆ پێکهێنانی ناکۆکی و یەکدیکوژی و نواندنی کردار و دژەکردار دەرەخسێنێت.

دوو تەوەری کۆتایی : "بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە پەسند نەکرێت و بەرگیری لە پەرەسەندنی بکرێتەوە، دەبێت چ رێگەیەک بگیرێتەبەر و بە جێی پێشنیازی مسیار، دەتوانین چ شێوەیەکی دیکە پێشنیاز بکەین". (من لێرەدا پێکەوە لێیان دەدوێم، چۆنکە پێموایە گرێدراوی یەکترن).

هاوسەرگیریی هەمیشەیی و هاوسەرگیریی کاتیی، جیاوازییان زۆرە. لە هەمیشەییەکەدا کەسەکان پێبەندن بە پاراستنی ئەو چوارچێوەیەی کە بۆیان دانراوە و لادان لێیان سزای هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هاوسەرگیرییە کاتییەکەدا، وەفا و پێبەند بوون، لێکۆڵینەوەی وای لە سەر نییە.

ئەم جۆرە هاوسەرێتییە، بە پێی بیروبڕوای زۆربەی فمێنیستەکان و رای کۆمەڵگە و رۆشنبیران، بە **سۆزانیخوازی (لەشفرۆشی)** یەکی پیرۆز دانراوە کە لە چوارچێوەی بیروبڕوای ئاینیی، بۆ رازیکردنی خوا و بەناو بەرگیری لە بێرەوشتیی، رەوایەتیی پێدراوە. هەر چەندە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پیاو تەنانەت بە کەمیی ئامادەیە لە گەڵ بێوەژندا زەماوەند بکات، چ بگات بەوەی ژنێک کە سوور دەزانرێ چووەتە ناو پرۆسەی شووکردنی کاتی (مسیار و یان لەشفرۆشیی پیرۆزەوە!).

ئاشکرایە کە لە جیهاندا هەر دیاردەیەك لە چوارچێوەی بارودۆخی تایبەتی جوگرافیایی و لە زەمەنێک لە مێژوو و هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی و ... پێدەگات. بۆیە گۆران لە هەر یەک لەم دیاردانە، دەبێتە هۆی گۆران لەوانی دیکەشدا. هەر بۆیە، مسیار بە هۆی پێکنەهاتنی گۆران لە چەمک و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، دەرمی زۆری لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی لێکهەڵپچراندنی بنەماڵەکان، بە هۆی ئەو کێشانەی کە لێیدەکەوێتەوە. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەش، کە ئیدی کەمتر بیر لە پێکهێنانی خێزان بکرێتەوە، چۆنکە پێداویستیی وا نامێنێت و دیسان ئەو کێشەیە نەتەنیا چارەسەر نابێت، بگرە زیاتریش پەرە دەستێنێت. هەروەها ئەو منداڵانەی کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دێتە دنیا، ئایا دایك و باوکەکەی ئامادەن لە ئەستۆی بگرن، لە کاتێکدا ئەم کارە بەزۆریی لەلایەن لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت؟! ئایا دەوڵەت ئەمانە لە ئەستۆ دەگرێت و، ناوی منداڵی زۆڵیان بەسەرەوە نابێت، کە کاریگەریی خراپ لە سەر منداڵەکە بەجێ بێڵێت؟! لێکۆڵینەوەکان ئەویان سەلماندووە کە ئەو منداڵانەی بێدایک و باوکن، بەتایبەتی بێدایك گەورە دەبن، نوقسانن و تووشی گرفتی زیاتر دەبن و بڕوا بە خۆبوونیان کەمە و، ئەگەری زۆریشی هەیە مرۆڤێکی چاکیان لێ دەرنەچێت.

**لەم جۆرە پرۆسەیەدا، ژنان بە تایبەتیی ناتوانن ژیانێکی دروست و راستینە تاقی بکەنەوە و دەبنە ئامرازێک، یان ماشینێک بۆ پیاو و لە بەردەست پیاودا. هەروەها دەبێتە هۆی ژێرپێنانی زیاتری ئەو کەمە مافەی کە ژنان هەیانە و پەرەسەندنی نەخۆشیی نزیکایەتی و، گوشاری دەروونیش لێدەکەوێتەوە. بەکورتی، مسیار بە پێی ئەزموونی وڵاتانی دیکە، دەبێتە هۆی دەرمی کۆمەڵایەتی و تاوان و بکوژیی.**

سەرەرای هەموو ئەمانە، لەهاوسەرگیریی بە شێوەی مسیاردا، دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە لە کۆمەڵگەدا تێروانینی نگەتیڤی لەسەرە، هەر چەندە بێوەژنێک، یان سۆزانییەك و، پیاوانی زندار و بێژن، دەتوانن بچنە نێو ئەم پرۆسەوە، بەڵام لە دوای تەواوبوونی کاتەکەیان، لە لایەن بنەماڵەوە ژنەکان وەرناگیرێنەوە و لە بواری دەروونی و هەست و سۆزیشەوە تووشی گرفت دەبن، **چۆنکە کاری ژنەکە، بە شێوەیەک هاوبەش بە سۆزانیبوون دادەنرێت.**

**بە پێویستیدەزانم، لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لە هۆیەکانی کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و مانەوەی (قەیرەکچ) بکەم و لێکدانەوەی دادەنێم بۆ خوێنەر خۆی:**

- هەژاریی، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان، کە بووەتە هۆی ئەوەی کە "قەیرە" ی زۆرمان ببێت، ئەوەش تووشی قەیرانی کەلتووریی کردووین.

- شەری بەردەوام، وەکو شەڕی ئێران- عێراق و پێشمەرگایەتیی، کە هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆر بنەماڵە، پیاوەکانیان تێدا بچن و ماڵویران بن و ژنی بێمێرد زیاد بکات، کە هەڵبەت بە هۆی ئەوەی کە بێوەژن بوون، لای ئێمە نەشیاوە و، ژنیش وەك فیداکاری و وەفاداربوون، شووناکاتەوە، لەبەر ئەوەیە کە ژنی بێمێردمان هەر زۆر دەبێت.

- هاتنە خوارەوەی رادەی هاوسەرگیریی، بە هۆی بێکاری و نەبوونی هیوایەك بۆ چارەسەربوونی کێشە نیوخۆییەکان.

- قەیرانی سیاسی.

- قەیران و هەڵاوسانی ئابووری

- لە سەروەبوونی خەرجی زەماوەند و ژیان

- کەوتنەوەی کەشی ناهومێدی، کە وایکردووە لاوەکانمان خۆیان لە پێکهێنانی بنەماڵە دووربخەنەوە و بیر لەوە بکەنەوە کە رێگەیەک بۆ هەڵاتن، یان چوونە دەرەوە بدۆزنەوە

- گەمارۆی ئابووری

- نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان

- جیاوازیی کەلتووری

- چوونە سەرەوەی تەمەنی هاوسەرگیریی و چاولێکەری و پەرەسەندنی ئارەزوو و داخوازیی بێ جێ ونەگونجاو، کە هۆکارن بۆ پەرەسەندنی ناکۆکیی خێزانیی.

- گۆڕانی ئاستی کەلتووری خەڵك، هەر چەندە زۆربەی کۆمەڵگە ئەم بابەتە نەیگرتووەتەوە.

- خوێندن و درێژەدان بە خوێندن.

دیاردەیەکی چەوتی دیکە، ئەوەیە کە پیاو لە هەر تەمەنێکدا بێت، دەتوانێت ژن بهێنیت و کچێک بخوازێت کە لە هەر تەمەنێک دابێت. بەڕاستی ئەمە، تاوانێکی گەورەیە کە پیاوی تەمەن ٤٠ ساڵ و بۆ سەرەوەش، لە گەڵ کچی ١٤ ساڵە زەماوەند دەکەن، ئەوجا بەهۆی لە سەرەوەبوونی تەمەن پیاوان بەرامبەر ژنەکانیان، زووتر دەمرن و دیسان ژنی بێمێرد، دەبێتەوە کێشە.

هەروەها کچە تەمەن کەمەکان لە لایەن پیاوانەوە داوا دەکرێن و، ئەو کچانەی تەمەنیان لەسەرەوەیە لەماڵ دەمێننەوە. پێویستە حکوومەت و دەسەلاتداران بیرێک بۆ ئەمە بکەنەوە و، پێش لەم دیاردەیە بگرن.

ئەوەی کە چ رێگەیەک ئاراستە بکرێت، بۆ من دژوارە، چۆنکە نوسخە پێچانەوە ئەرکێکی گرنگە و، هەمووکەس نابێت وەکوو گۆچانی کوێر خۆی تێخات، بەڵام دەتوانین ئاماژە بەوەبکەین کە دەبێت هەندێ کار بکرێت، بۆ ئەوەی هاوسەرگیریی بەشێوەی هەمیشەیی بمێنێتەوە، چۆنکە بەراستیی کەسایەتیی مرۆڤ زۆر گرنگترە لە ئاوڕدانەوە لە هەست و حەزی سێکسی.

هەلومەرجی لەبار بۆ ژیان، یان کارکردن لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ پیاو و ژن دابیین بکرێت. مالیات (باج) دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ شووکردن خۆیان دەفرۆشن، واتە مارەیی، یان زێر و .. یەکجار زۆر وەردەگرن. پێویستە میرات و سەروەت و سامان، وەکیەک و بەیەکسان لەنێو ئەندامانی خێزان دابەشبکرێت، بە مافی رەوای هەر ژن و پیاوێک دابنرێت کە پێکەوە، بناخەی ژیانی هاوبەشیان دابڕێژن، نەک ئەوەی کە تەنیا لە سەر شانی یەکێکیان بێت.

هەندێک لە چاوەڕوانییەکان کەمبکەینەوە، ئەگەر بیر لە ژیانێکی هاوبەشی بەختەوەر دەکەینەوە.

هیچ کات دەرگەی خۆشەویستیی لە یەکتر دانەخین. ناشرینترین شتێک کە بوونی هەیە، ئەوەیە کە پێمانوایە ئەگەر خۆمان لە دەربرینی هەست بەرامبەر هاوسەرەکەمان دوور رابگرین، رێزمان زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوەمان لە بیربێت کە خۆشەویستیی پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، کە ئەمە دالێکە بۆ ئەوەی کە بە ناوی مسیارەوە رێ بە کەس نەدرێت (پیاوی ژندار) کە گیرۆدەی پرۆسەی مسیار بێت.

با ئەو کەسانەش کە دژی ئەم پرۆسەیەن و بە سووکایەتیکردن بە مافی مرۆڤی دادەنێن و پێیانوایە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، دەیان کێشەی دیکە پێویست نییە، با بەپێکهێنانی کەمپین، یان رەدکردنەوەی بە نووسین، یان لە نێو خەڵکدا، هەروەها پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە بەرامبەر ئەم پرۆسەیە و، هەر پرۆسەیەکیتر کە سووکایەتی بە کەسایەتیی تاك و بوونی مرۆڤ دەکات، بوەستن.

**لە کۆتاییدا قسەم ئاراستەی ئەو کاربەدەست و پارڵمانتار و لایەنگرانی ئەم پرۆسە و، هەروەها نەیارانی و فمێنیستەکان و تێکرای گۆمەڵگە دەکەم، کە کارێک نەکەین و، پێشنیازێکی وا پەسەند نەکەین کە دوایی، دیسان هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بدەینەوە. ئەو پەندە کوردییەمان لە بیر نەچێت: "بەردێک نەخەینە چاڵەوە کە دواتر بە سەد عاقڵ و ژیر بۆمان دەرنەیەت!".**

## به ناوی کوردستانی گەورە

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

تاران – ٢٠/٩/٢٠٠٧

# کێ دەڵێ "ئیدی بەسە!!!"

هەروەک دەزانین، بەو ڕۆژگارە کوردگەلی ئاشتی ویستی باکوور، بانگ و هاواری " **ئیدی بەسە** " یان، دەگاتە ئاسمانی حەوتەم. هەرچی بانگەواز و پێشنیاری دۆستی و مرۆڤانە دەدەن، بۆ خەڵیفە پۆست مۆدێرن و جینێراڵە کۆنە قازاخەکانی تورکیا ( تورکستان)، وەک ئەوە وایە بلویری **"باڵی داڵ"**، بۆ گای دەبە لێ بدەی . ئەوان هەر بە **گولله** و هەڕەشەو گوڕەشە، وەڵامی کورد دەدەنەوە. **تۆ ئیمانتان!** بە بیروڕای ئێوە تێرۆریست کێیە؟ تازە ئەگەر بێتو بە گۆترە ، تەشقەڵە و دەگەشە، پلاک و درۆشمی تێرۆریست بە زۆرداریی بکەنە ملی، پ. ک. ک، کە، وەک نوێنەرێک لە نێو نزیکەی بیست ملیۆن خەڵکی کوردی بندەستی تورکیا دا، بە چەشنی سوروشتی سەری هەڵداوە و لە دایک بووە، ئەی تەواوی خەڵکە کوردەکەی دیکەی تورکیا چی ؟ ئایا ئەو بیست ملیۆنەش، کە نزیکەی بیست بەرامبەری دانیشتوانی وڵاتی کۆماری ماڵتا دەبن ، پاکیان تێرۆریستن؟؟!!!

**به فەرمایشی مامە شێخ ڕەزا : " ئەفاکەڵڵا حەمەی وەستا فەتاح! گەلۆ! ئێستا هەزارەی سێیە، ئەوان هەر لە سەر دەمی سوڵتان ئەولحەمید خانی غازی دا دەژین .**

ئارکاداش! لە فەرهەنگی ڕامیاری دا، تێرۆریست بە بکوژ، شەڕفرۆش، تەشقەڵە باز، داگیرکەر، شارلاتان و شتی وا دەڵێن، نەک مرۆڤی ئاشتیخواز، هێمن، هێدی، ئەهوەن و بێوەی. ئەو هەژارانە کوا تێرۆریستن؟ ئەم شەوە، لە هەواڵەکان دا بیستم، بە سووچی ئەوەی بەرپرسە بە ڕەگەز کوردە کانی تورکیا، بە زمانی کوردی هەواڵپرسی و چاکوخۆشیان لە خەڵک کردووە، لە سەر کاریان لا دەبەن و سزایان دەدەن!.

**دیسان دەپرسم، تێرۆریست کێیە؟؟!. قوربان گیان! تەناتەت کەلەشێرەکانیش بە زمانی خۆیان لە گەڵ یەک (قسە دەکەن) و دەڵێن " قووقلیقووقوو " ، سەرۆک کۆماری سمێڵ بە.... .**

خەڵکی تەواوی پێنج پارچەکەی کوردستان دەڵێن : تۆ سەری هەیاتیلە، چەنگیز، تەیموورە شەل و خاڵخاڵی، وەرن وەک براو و خوشک، وەک مرۆڤ، بە ئاشتی بە یەکەوە بژین، ئێمە دۆست و جیرانی گەلی تورکین، خۆش مان دەوێن ، ڕێز بۆ فەرهەنگ و زمانی تورکی و تەواوی نەتەوەکان دادەنێین و بە مسقاڵ قینمان لێتان نیە، بەڵام بەداخەوە، ئەوان هەر گوێشی نادەنێ!!!.

**دیسان دەپرسم تێرۆریست کێیە؟ پێشم وایە بە پێچەوانەی ئەوی کە کورد هاوار دەکا و دەڵێ "ئیدی بەسە"، ئەوان دەڵێن "کێ دەڵێ بەسە، زمانی ببڕن؟"**

قسە، قسە دەهێنێ : سەروەر دوکتور عیزەددین مستەفا، پێنووسەوانی شاز و سەرکەوتووی کورد، نزیکەی چل ساڵ پێش، کاتێ لە دەرەوەی وڵات وانەی دەخوێند، لە کتێبێک دا، کورتە چیرۆکێکی زۆر شازی نووسیبوو، لە ژێر سەردێری **"ئیتر لە کوردستان تۆپەکان نادرێنن"**. لەم چیرۆکە دا - لە نێو کەش و هەوای دەروەدا وای دانابو، کە تا ئەو وانە خوێندنی تەواو دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئیدی دیمۆکراسی و یاسا دادەمەزرێ و کورد ناچەوسێتەوە. بەڵام زۆر بەداخەوە، پاش نزیکەی سی(٣٠) ساڵ دوای نووسینی ئەو چیرۆکە، کورد ئەنفال و بۆمبارانی کیمیایی کرا و لە کاتی تەق و ڕەوەکەی سەددام دا، بیستم دوکتور ع. مستەفا ڕەسووڵیش، لە گەڵ زوربەی خەڵکەکە، لە دەستی مەترسی هەڕەشەی سەددام، بەرەو ئێران دەرباز بووە و وا لە ئۆردوگەی ئاوارەکانی شاری کرماشان. ڕۆژێک تێلیفۆنێکم بۆ کرد و پرسیم: **"ئایا ئێستاش هەر تۆپەکان دەدرێنن؟"** وەڵامی دامەوە "زۆر خراپتر لە پێشوو".

**جا، وادیارە مێژوو پێمان دەڵێ " قەت بەس نیە!!!"، مەگەر نەتەوەی کورد یەک دەنگ، یەک ڕەنگ و یەک گرتوو - بە سەرۆک، ماموەستا، جووتیار، خوێندکار، ئاژەڵدار، پیشە ساز، بازرگان و هەموو چینەکانەوە، دەست بدەنە دەستی یەک و خۆیان ڕزگار بکەن. بە وتەی کوردی "سواری وشتر بە دولا دولا ناکرێ". با وای لێ نەیە وەک دەورەی پێشوو، دیسان لەترسی مردن، بمرین. هەر کەس پشتی خەباتی گەلی کوردی تورکیا بەر ابدا ، لە پاشان لە دەفتەری مێژووی کورد دا ، نومرەی پووچەڵی پێ دەدرێ و بێ وەڵام دەمێنێ. چوار دەقەری کوردستان و ڕۆژهەڵات، یەک وڵات !!!.**

# وتوویژ لەگەڵ دوکتۆر جەمال رەشید، پسپۆڕ و شارەزای مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن

## (٣)

**پ: ئەگەر سەرەتایەک بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کورد دابنێین کە بە ئاڵا و دروشم و، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە بەرپا کرابێت، ئەو قۆناخە بۆ چ زەمان و، سەردەمیک دەگەڕێتەوە! هەروەها خەباتی رزگاریخوازانەی کورد بە چەند قۆناخ دابەشدەکرێت؟!**

**و:** وەرامی ئەم پرسیارە دەبێ بە دوو جۆر بێت، یەکەم باسی کورد وەکوو نەتەوەیەک، دووەم، بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان وەکو نیشتمانێک! بێگومان ئەمەی دووەم زۆر کۆنترە لە ئەوەی یەکەم. چۆنکە ئەوەی دووەم، کوردستان زۆر لە کۆنەوە هەر هەبووە. بەڵام کورد کاتێک پەیدا بووە لەسەر ئەو خاکەدا کە مەرجی "ملیت" (نەتەوایەتیی) بۆ پەیدا بووە. واتە وەکو نەتەوەیەک کورد لە مێژوودا پەیدا دەبێ. واتە شێوەی هەڵچوون، یان بزووتنەوەی رزگاریی، لێرەدا بە چەند پلەیەک دابەشدەکرێت:

**یەکەم**، بزووتنەوە دژ بە سیستەمی کۆیلایەتیی، واتە دیلایەتی لە چەرخی بابلی و ئاشووری و، رۆمانی و بیزەنتی و ساسانیدا، کە خەڵکی کوردستان بەرهەڵستیی لەشکری ئەم دەوڵەتانەیان دەکرد، بۆ وێنە وەکو دەوڵەتی حەمورابی. لەشکری حەمورابی گەیشتە نێوچەی "بێتواتە" و "رانیە" و "قەلادزە" و سەر "زێی بچووک". لەوێدا خەڵکی ئەوێ بەرهەڵستییان دەکرد، بۆ؟ چۆنکە بابلی و لەشکری حەمورابی کە هاتبوونە ئەوێ، لەبەر دوو هۆ هاتبوون:

١- پێویستییان بە کەرەستەی بینای خۆیان هەبوو، وەکو کانزا، جا کانزاکە ئاسن بێ، زێڕ بێ، یان هەر شتێک.

٢- پێویستییان بە خەڵکی هەبوو، کە لە جەنگدا دەیانگرتن، وەکو دیل دەیانبردن، کاریان پێدەکردن، بەبێ مزە و، بە بێ پوول، بینای دەولەتی خۆیان پێدەکردن.

لێرەدا، بزووتنەوە دژ بەم سیستەمە لەوکاتەوە دەستپێدەکا، واتە لەسەرەتای چەرخی مێژوودا ئەمە روویداوە. هەروا دەمێنێتەوە، تا ئەمپراتۆریی رۆمانی پەیدادەبێ و، ئەمپراتۆریی ساسانی پەیدا دەبێ، لەوکاتەشدا سیستەم، هەر سیستەمی دیلایەتییە. بۆ وێنە تەماشا دەکەین ساڵی ٧٦ی پێش زاین، دەوڵەتی رۆمان، کابرایەک دەنێرن ناوی **"لۆکۆلوس"**، قۆماندانێکە، بۆ ئەوەی ئاسیای بچووک کە ئێستا پێیدەڵێن (ترکیا)، لەوێدا کابرایەک پەیدا بووبوو بەناوی **"میترەدات"**، پاشای "پونترۆس" بوو، واتە پاشای زەریای رەش بوو، هەڵچوو بوو لە بەرامبەر دەوڵەتی رۆمانی و، خزمایەتییەکیشی هەبوو لەگەڵ پاشای ئەرمەنستاندا ناوی **"تیگران"** بوو، **(تیگرانی گەورە)**، بەنێوبانگە لە مێژوودا، ئەمانە بەهەردووکیان پەلاماری "دەولەتێکی کوردی" یان دابوو، بەناوی "پاشایەتیی کۆردۆیەنێ"، پێتەختەکەی "ئامێد" بوو، ئیمڕۆ پێیدەڵێن **"دیاربەکر"**. لەوێدا پاشای کۆردۆیەنێ بەناوی "زەربیۆن"، بەلاتینی پێیدەڵێن "زەربیۆنۆس"، کوشتیان و، هەرچییەک ماڵ و سامانی هەبوو داگیریان کرد. بێگومان خەڵکی کۆردۆیەنێ کە کورد بوون، دژ بەم کارەساتە وەستان، لەگەڵ رۆمانەکاندا، زەربیۆن هاوپەیمان بوو، لەبەر ئەوەش وایان لێکرد. کاتێ لۆکۆلوس هات، با بڵێین لەکاتی یۆلیۆس قەیسەر بوو کە لە رۆما حوکمی دەکرد، لەوێ سینات (ئەنجومەنی پیران)، لۆکۆلوسیان نارد هەم ئەوێ رزگار بکات، هەم یارمەتیی وڵاتی کۆردۆیەنێ بدات. ئەویش کە هات کەوتە شەڕەوە و، کۆردۆیەنێی رزگارکرد، ئەمە لەساڵی ٧٦ی پێش زاین روویدا. **کۆردۆیەنێ** نازنێوێکی رۆمانییە بۆ وڵاتێک کە ئیمڕۆ پێیدەڵێن "کوردستان". وشەی **"کوردستان"** لەسەدەی (١٢) دوانزەوە لەسەردەمی سەلجووقییەکانەوە پەیدا دەبێ، ئەگینا ناوی کوردستان لە کۆندا "کۆردۆیەنێ"، یان کۆردۆڤاییا"، یان "کۆوردانیا" یە. لەسەدەی یەکی پێش زاین، کە هێشتا سەردەمی کۆیلایەتییە، کوردەکان بزووتنەوەیان هەبوو بەرامبەر داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن پادشای بونتوس و ئەرمەنستانەوە. ئەمە یەکەم پلە لە بزووتنەوەدا.

**دووهەم پلە لە بزووتنەوەی کورد**، دژ بە کۆلۆنیالکردنی نیشتمانی باوباپیران لەسەدەی (١٠) و (١١) ی زاینی دەستپێدەکات کە مەغۆلەکان پەیدا دەبن. پێویستە ئەوەش بڵێم، پێش هاتنی مەغۆلەکان، بزووتنەوەمان هەیە دژ بە کۆلۆنیالکردنی بیری ئاینی و، فەرهەنگیی، کە لەسەدەی (٧) ەوە دەستپێدەکات، واتە لەکاتی داهاتنی دیانەتی ئیسلام، کە عەرەب کوردستان داگیردەکا، لێرەدا ئەو خەڵکە - ئەو کوردە کە دژ بە عەرەب شەڕ دەکا، لەبەر ئەوە بووە بەرگری لە فەرهەنگ و ئاینی خۆی کردووە، چۆنکە ئەمیش هەر بە بزووتنەوە دەناسرێت. لەپاش مەغۆل، واتە لە پاش سەدەی (١٠)

و (١١)، تورک پەیدا دەبن، سەلجووقی پەیدا دەبن. ئەو بزووتنەوانە کە بەرامبەر سەلجووقی پەیدا دەبێ، بزووتنەوەیەکە بەرگریی لە زەوین و نیشتمان دەکرێ. ئەمە لەسەردەمی فیۆدالیزم روودەدا. لەوکاتەدا میرانی کورد کە "ئاغا" شن، "ئاغای زەوین"، بەرگری لە خاکی خۆیان دەکەن، بەڵام کە پلە بە پلە زوڵمی تورک زۆر دەبێ بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا، بیری نەتەوایەتیی پەیدا دەبێ.

**لێرەدا "مێجەرسۆن" کە باسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەکات، دەڵێت: "لەگەڵ پەیدابوونی "تەیموور شەل"، بزووتنەوەی کورد و، بیری نەتەوایەتیی کورد پەرەی سەند". ئەم بۆچوونەش تارادەیەک راستە، چۆنکە دەبینین پاش ئەمە یەکێک وەکو میری عەبداڵ (میری بدلیس) کە لەگەڵ سوڵتان مورادی چوارەم دەجەنگیی، سوڵتان موراد ساڵی ١٦٤٣ هاتەلای و، پاشان ویستی ئەمارەتەکەی داگیربکا، لێرەدا دەبینین میرعەبداڵ هاوار بۆ کوردان دەکا، نەک بۆ موسڵمانان، لێرەدا هاوار بۆ کورد دەکا و، دەڵێ بە چ مافێک نەتەوەی کورد و، خاکەکەی داگیر دەکرێت؟! لێرەدا واتە بەبیرێکی نەتەوەییەوە ئەو بزووتنەوەیە دەستپێدەکا. واتە دەتوانین بڵێین، لەگەڵ داهاتنی چەرخی سەلجووقی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شێوەی نەتەوەیی وەردەگرێت. ئەمە ئەو پلە و قۆناخانەن کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تێدا دابەشدەکرێت، واتە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی هەر لە چەرخی "بابلی" یەوە دەستپێدەکات هەتاکو ئێستا.**

**پ: ماوەی هەشتا ساڵە کوردستان بەڕەسمی دابەشکراوە، هەریەک لە داگیرکەرانی کوردستان، سیستەمی سیاسی و ئابووریی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، بەڕێزتان وەک زانستکارێکی شارەزا و پسپۆر، ئەمڕۆکە چ جیاوازییەک لەنێوان پارچەکانی کوردستان لەڕووی فەرهەنگی و، ئابوورییەوە دەبینن؟!**

**و:** هەر بەپێی کۆنفرانسی لۆزان کە کوردستان دابەشکرا، هەرچەندە کورد تاکو ئێستا کە باسی دەکا، دەڵێ دابەشکرایە چوار بەش، خۆی وانەبوو، بەڵکو دابەشکرا بۆ پێنج بەش. بێجگە لە ترکیا و ئێران و، عێراق و سووریا، بەشێکی کەوتە نێو یەکێتیی سۆڤێت، لەنێوچەی ئازەربایجان و، ئەرمەنستاندا، لەوێدا کۆمارێک دروست بووبوو بە فەرمانی "لینین" بەنێوی "کوردستانی سۆر" کە نێزیک بە (٨) ساڵ بەردەوام بوو، تاکو ستالین لەنێوی برد. واتە پارچەیەکی کوردستان و، بەشێکی نەتەوەی کورد لەوێ گوزەرانی دەکرد. هەر لەسەرەتای دابەشکردنی کوردستان، دوو جۆر سیستەمی ئابووریی پەیدا بوو، جۆرێکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزم لە کوردستانی سۆر دا، ئەوانی دی، هەر چەندە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەسەردەمی فیۆدالیزم مابووەوە، بەڵام لە تورکیادا، "بزووتنەوەی کەمالی"، یان دەولەتی تورکی، بەرە بەرە ئەو سیستەمە فیۆدالییەی کوردییەی نەهێشت، چۆنکە سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، هەمیشە لەژێر سەرکردەیەتیی دەرەبەگ و ئاغا و شێخ بوو. جا تورک بەرە بەرە ئەو سیستەمەی نەهێشت و، هەوڵیدا سیستەمێکی بۆرژوازیی لەنێو شارە کوردەکاندا دروست بکا. جا لێرەدا جیاوازییەک هەیە لەنێوان باکووری کوردستان و، رۆژهەڵاتی کوردستان. لە خوارووی کوردستان (باشوور)، سیستەمی پاشایەتیی (مەلکی) پشتگیریی لەسیستەمی فیۆدالی و ئاغاواتی دەکرد، ئەو دۆخەش مایەوە تاکو عەبدولکەریم قاسم بەیانێکی دەرکرد بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر جۆتکار و، رەشایی گوندەکان و، پشتی فیۆدالیزم پێیشکا لە باشووری کوردستان. ئەمە لەلایەنی ئابوورییەوە، ئەوجا لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بێگومان جیاوازییەک دیسان پەیدا بوو، چۆنکە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بە پێوەندیی ئابوورییەوە گرێدراوە. لە کوردستانی سۆر، ژن رزگاری بوو لە ژێر دەسەڵاتدارێتیی پیاو، مافی خۆی وەرگرت، وەکو پیاو لە "کۆلخۆز" و "سۆڵخۆز" دا کاریدەکرد، بەڵام لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا ئەو دیاردەی رزگاربوونی ژن، زۆر درەنگ پەیدا بوو، کە بتوانێ بچێ لە قوتابخانە بخوێنێ، بەڵام دیسان لەنێوان باشووی کوردستان و، رۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازییەک هەیە. لە باشووری کوردستاندا زووتر ژن ئازاد بوو، ژن دەیتوانی بچێ بخوێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشکەوتنەی ژن کە لە باشووری کوردستان پەیدا بوو، هەتاکو چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر باش بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی توندڕەوی ئیسلامیی، وایکردووە، ژن دیسانەوە خۆی بشارێتەوە، بە جل و بەرگییەوە بە جوبەوە، بە سەربەستنەوە ....، واتە گەیشتووەتە پلەی زانستگە و، لە زانستگە دەخوێنێ، بەڵام خۆی پێچاوەتەوە، واتە خۆیان واپیشاندەدەن کە وا هەمیشە پێشانگەیەکن بۆ پەلاماردان. ئەم بارە سیاسییە، بێگومان بایەخی هەیە لەلایەن بینای کۆمەڵایەتیی. لە تورکیادا، تورکەکان، هەرچەندە لە ئەنەدۆڵی رۆژاڤا و، لە ئەنەدۆڵدا بەنێزیکبوونەوەیان لە ئەورووپا و، بەچوونی ژن بۆ کارگە بۆ کارکردن، جۆرە

ئازادییەک پەیدا بوو بوو، بەڵام تورک، هەر وەکو داگیرکەرێک وایدەکرد کە لە کوردستاندا ئەو پێشکەوتنە نەبێت. هەروەها ژنی کورد لە باکووری کوردستاندا، دیلی دابونەرێتیی چەرخەکانی نێوەراست بوو، هەرواش مایەوە. ئێستا تازە تازە، بە هاتنیان، نێزیکەی یەک – دوو ملیۆنیان بۆ ئەورووپا بۆ کارکردن لێرەدا، هەرچەندە جل و بەرگیان وەکو خۆی ماوەتەوە و، هەندێ جاریش بۆچوونیان بەستراوە بەبیری چەرخی نێوەڕاست، بەڵام هەڵسانیان، چوونیان بۆ کارکردن، رێکخستنی نێوماڵیان لە ئەورووپادا باش بووە، کە دەگەڕێنەوە بۆ باکووری کوردستان، هەوڵدەدەن کارکرد لەسەر کۆمەڵگەی خۆیان دابنێن. لە باشووری کوردستان، ئەوە دە - پانزە ساڵە، وا کۆمەڵ پەیدا بووە کە بێن لە ئەورووپادا بژین. کوردی باشوور زووتر پێشکەوتن وەردەگرێ، لەبەرچێ؟ چۆنکە پاشەکییەکی باشی هەبوو لەسیستەمی کۆمەڵایەتیدا لەچاو باکووری کوردستان و رۆژهەڵاتدا. لەلایەکی دیکەوە، ئیسلام دەورێک دەبینێ لەبیناى کۆمەڵی کوردەواریدا، بۆ وێنە ژنهێنان بە پێی "شەریعەتی ئیسلامە"، هەندێ جار خێزانی واهەن تەندڕەون، کچی خۆیان نادەن بەیەکێک نوێژ نەکا، یان شەراو و ئەلکۆل بخواتەوە، هەندێ تێبینیی خۆیانیان هەیە. هەروەها لە کوردستاندا بەگشتی جۆرە چینایەتییەک هەیە، بۆ وێنە بەگ کچی خۆی نادا بە جۆتکار. ئاغا کە ژن دێنێ، یان کچ بۆ کوڕەکەی دێنێ، هەر لە چینێکی دەرەبەگی ژن دێنێ، یان لەنێو خزمی خۆیان ژن دێنن، بۆوێنە لەنێو هۆزی "جاف" ئەم دیاردەیە زۆرە. بەگزادەی جاف، قەد "مسکێن" ناهێنن، هەر لەنێوخۆیاندا ژن و ژنخوازی دەکەن. لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەو شێوە لەنێو کەلهۆڕو ئەوانی دیکەدا بەوجۆرەیە. بەداخەوە، ژن و ژنخوازیی لەنێوان موسڵمان و ئێزیدی و کاکەیی و عەلەوی و ...هتد، هێشتا کۆسپی لەنێودایە. ئێوە بیستتان ماوەیەک لەمەوبەر ئەو رووداوە لە باشووری کوردستاندا روویدا بەکوشتنی کچێک، کە گوایە شووی بە موسڵمانێک کردووە، ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوە کە هێشتا ئێمە دیلی هەندێ بیری چەرخی ناوەراستین. نموونەی دیکە لای من سەبارەت بۆ ئەو بابەتە زۆرن، دەبینین لەنیو کورددا هەندێ شێواز هەیە کە لەنیو نەتەوەکانی دیکەدا نابیندرێ، بۆنموونە "رەدووکەوتن" لەنێوچەکانی "پشدەر"، تەماشادەکەی، کچێک دەکەوێتە دووی کوڕێک، نایکوژن، بەپێچەوانەوە لەنیو کچاندا دەڵێن" ئەگەر خێرت بوایە، رەدوو دەکەوتی". جا ئەمە لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا نییە، تەنانەت لەنێو کورد خۆیشیدا نییە، کچی لەوێدا هەیە، ئەمە بێگومان پێوەندیی بەکارەساتێکی مێژووییەوە هەیە کە لەو نێوچەیەدا روویداوە. دەتوانین بڵێین پەیدابوونی چەند ئاینێک لەنێو کورددا، وەکو "ئاینی حەققە"، یان ئەو ئاینەی لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا پەیدا بوو بوو لەنێو کورددا "حەمەسوور" (کڵاوقوت)، یان پێدەگوت، ژن ئازاد کرابوو، ژن وەکو پیاو کاریدەکرد، بەرهەمەکان کە دەفرۆشرا، داهاتەکەی بە یەکسانیی لەنێوان ژن و، پیاودا دابەشدەکرا. جا وەک لەبیرم بێ، ئەوکاتە تەمەنم (١٣)، (١٤) ساڵ بوو، گیروگرفتێکیان بۆ "حەمە سوور" نایەوە، لەرۆژنامەی "النهار" کە لەبەغدا دەردەچوو، کابرایەک سەرپەرشتیدەکرد، ناوی عەبدوڵڵا بوو، پرۆپاگەندەیان دەکرد دژ بەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە پەیدا بوو بوو، یەکسانیی هەبوو لەنێو کۆمەڵەکەدا، لەنێو چەند دێیەکدا. لەنێو ئەو رۆژنامەیە دەنووسرا، گوایە ئەمانە هۆمۆسێکسواڵن و، ژنەکانیان بۆ سێکس بەکار دێنن و، "حەمەسوور" یش دەڵێ، ئەمن پێغەمبەرم و، ئاینێکی تازەم هێناوە"، بەڵام ئەمە راست نەبوو، چۆنکە من خۆم حەمەسوورم دیبوو، قسەشم لەگەڵ کردبوو، جارێکیش ساڵی ٦٤ چووینە "کڵاوقوت" سەرمان لێدا، باسی شتی واینەدەکرد، دەیگوت، ئێمە زەوینەکانمان دابەشکردووە و، هەر کەسێک خاوەنی زەوی خۆیەتی، بەڵام ئێمە پێکەوە کاردەکەین. کچمان شوو بکا بەکەیفی خۆیەتی، زۆری لێناکەین، حەزی لە کێ بێ، دەیدەینێ، مارەیی و شیربایی و ... هتد، نەبوو. لەبەر ئەوە پێیاندەگوتن ئەمانە کافرن، موسڵمان نین. پەنایان بە مەلا نەدەبرد، خۆیان "ئەنجومەنێکی پیران" یان هەبوو، دادەنیشتن بڕیاریان دەدا، هەندێ جاریش دەیانگوت، ئەمانە کۆمۆنیستن. بەکورتی، لەنێو کورددا هەندێ جار کەسی وا پەیدا بووە، کە وا کۆمەڵی خۆی رزگارکا لەهەندێ پێوەندیی خراپ خراپ.

**ئەوجا با بێینەوە سەر لایەنی فەرهەنگیی!**

**لایەنی فەرهەنگیی کۆمەڵی کوردی، فەرهەنگێکی تێکەڵە و، دەتوانم لە سێ پنتدا باسی بکەم:**

**١- زمان!**

زمانی کوردی، زمانێکی هێندوئێرانییە، سەر بە گرووپی هێندوئۆرووپی. لەلایەن گراماتیک، واتە رێزمان، هەروەها سێنتاکس (مۆرفۆلۆژی)، پێوەندیی بەجیهانی هێندوئۆرووپییە. بەڵام، لەکاتێکدا بەو جۆرە زمانە قسە دەکا، بیری ئاینی عەرەبییە (دیارە مەبەستم زۆربەیە و، هەمووی نا، چۆنکە ئێزیدی و کریستیان و .. هتد مان هەیە!)، زۆربەی زۆری موسڵمانە، واتە شێوەی بیری ئاینییەکەی عەرەبییە. بۆنموونە هەر

پەندێک مەلا بۆ قوتابی و خەڵک بیهێنێتەوە، قسە، یان پەندێکی عەرەبییە، یان پارچەیەکی ئایەتی قورئانە، یان حەدیسە، واتە لەلایەنی "روحی" یەوە سەر بە دنیای "سامی" یە، لەلایەن زمانەوە سەر بە گرووپی ئێرانییە. ئەوجا بێینەوە سەر لایەنی جلوبەرگ و، مووسیقا و هەڵپەرکێ و ئەوانە، بەلایەنی دنیای "زاگرۆس" یە و، لەگەڵ "قەفقاز" ی هەندێک تێکەڵاویی هەیە. بۆ نموونە کە هەڵدەپەڕێ، ئەمە بەشێکە لەلایەنی فەرهەنگی نەتەوەیەک، هەر بە مووسیقایەکی تایبەتیی دڵی دەبزوێ بۆ ئەوەی هەڵپەڕێ، کەچی ناتوانێ بە مووسیقایەکی عەرەبی هەڵپەڕێت، بۆ نموونە کابرایەکی عەرەب "یا لێلی" بۆ بڵێت، پێی هەڵناپەڕێ، چونکە کولتوورەکەی جیاوازە، مووسیقاکەی جیایە، یان ئاوازی جیایە، ئەوجا بێینەوە سەر خواردن و سفرە و چێشت لێنان، دابونەریتێکی تایبەتیی خۆی هەیە. بێگومان بەرهەمی وڵات، سنوور بۆ جۆری خواردن دادەنێت. کورد زۆربەی زۆری "ساوەر" یان بەکار دەهێنا، کە عەرەب نایخوا، عەرەب برنجی دەخوارد، تەنیا مووسڵ نەبێ، کە پێوەندییەکەی بەشێک بوو لەگەڵ کوردستاندا پێوەست بوو، موسڵاویش حەزی لە ساوەر بوو، لەو ساوەرە کوببە و کفتە و خواردنی دیکەیان دروست دەکرد کە عەرەبی سووریا، عەرەبی عێراق و شوێنەکانی دی ئەم خواردنانەیان نەدەزانی. هەروەها کورد کە یاپراخ (دۆڵمە) لێدەنێ، لە تورکەوە فێری بووە، چونکە ناوەکانیشی هەر تورکین. جا کورد بەمە نازانێ، لە بەهاران کە دەچێت بۆ دەرەوە و، یاپراخ دەبا، وادەزانێ ئەمە بەشێکە لە فەرهەنگی خۆی. بەڵام لەبنەڕەتدا لەگەڵ داهاتنی شەپۆلی تورکی سەلجووقی، ئەم جۆرە خواردنەی لەگەڵ خۆی هێناوە. خواردنی کوردی، پێوەندیی لەگەڵ هەزارەها ساڵی لەمەو پێشی کوردەوە هەیە، هی ئەمڕۆ نییە، بۆ نموونە لە چەرخی رۆمانی، لە چەرخی هێلینی، واتە کاتێک کە "ئەسکەندەری مەکدۆنی" هاتووەتە وڵاتی ئێمە، بێگومان لەگەڵ خۆیان جۆری خواردنی خۆیان هێناوە، داوونەریتی خۆیان، بیری فەلسەفی و قانون و ... هتد یان لەگەڵ خۆیان هێناوە و، ئێستە پاشماوەکەی لەنێو کورددا ماوە، بەڵام عەرەب کە هاتە عێراق لەسەدەی چوار، لە "حیرە" دابەزین، بوونە دانیشتووی وڵاتی ساسانی، ئەوان لە کورد زۆر شت فێربوون، وەکو لایەنی فەرهەنگ، جۆری ژیان. پێش ئەوەی عەرەب لە "جزیرە" دەربچێت، خورما، خواردنێکی بنەڕەتیی بوو بۆیان، هەتا ئێستا بەرێگەی ئیسلامەوە بووەتە خواردنێکی "پیرۆز" و، لە مانگی رەمەزان رۆژیی پێدەشکێنن. کورد ئەمەی نەبووە، کورد شتی دیکەی هەبووە،




دیارە لایەنی کۆمەڵایەتیی زۆر شت دەگرێتەوە، وەکو پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، چیرۆکی منداڵانە و ... هتد، پێوەندیی بە رەورەوەی مێژووی وڵاتی کوردەوارییەوە هەیە. زۆر چیرۆک هەیە، کارەساتەکان چۆن روویداوە، وەکو چیرۆک رێکخراوە و، بۆ منداڵان گوتراوە.

**پ: پارتەکانی کوردستان، لە ماوەی پەنجا تا شەست ساڵی رابوردوو بەملاوە، دروشمی " ئۆتۆنۆمی" یان، "خودموختاری" یان هەڵبژاردووە، ماوەی چەند ساڵێکە دروشمەکەیان گۆڕیوە بۆ فیدەراڵی و، دەڵێن: "جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە داوای سەربەخۆیی بکەین! چونکە هێشتا بارودۆخی دنیا و نێوچەکە لەبار نییە بۆ کورد. ئەم بارە لەبارە، کەی هەڵدەکەوێ بۆ حیزبەکانی کوردستان؟! هەروەها کاتی ئەوە نەهاتووە، کورد داوای دەوڵەت و، کیانی خۆی بکات؟! بەڕێزتان لەمبارەیەوە بیروراتان چییە!**

**و: من بە یەک وشە تەنیا دەتوانم وەرامی ئەمە بدەم! ئەگەر منداڵێک، ئازاری هەبوو، دەگری، هاوار دەکا، دەڵێم ئەگەر منداڵێک، نەک پیاوێک! جا ئەگەر نەتەوەیەک چەوسابێتەوە، دەبێ هاوار بکات. ئەو هاوارە، نابێ بڵێین کاتی نەهاتووە،**

ئەو هاوارە "سمکۆ" هاواری پێدەکرد، "شێخ مەحموود" هاواری پێدەکرد، "شێخ سەعید" هاواری پێدەکرد، جا عەیبە من پاش ئەوان بە سەت ساڵ، هێشتا بڵێم کاتی نەهاتووە. ئەم بیری ڕزگاربوونە، یان بیری سەرهەڵدانی دەولەتێکی نەتەوەیی کوردیی، مەسەلەیەکی ویژدانیی مرۆڤە، وەکو باس، دەبێ باسییکەی، نابێ شەرم بکەین و، بڵێین هێشتا بارودۆخ پەیدا نەبووە، بارودۆخ هیچکات نایەتەلات، تۆ دەبێ ئەو بارودۆخە پێکبێنی. من لەبەر ئەوەی سەر بە هیچ حیزبێک نیم، بیرم ئازادە لە وتەکانم. لەبەر ئەوە دەڵێم، هەموو کاتێک دەتوانین باسی دەولەتی کوردی بکەین، لێرەدا دەتوانم باسی ئەوە بکەم، کاک مەسعوود لەزۆر شوێندا باسی ئەوە دەکا، دەڵێ، دروستکردنی دەولەتی کوردیی، مافێکی سروشتیمانە، ئەوە ئازایەتییەکە و، لەگەڵ ڕاستیدا، ڕێکە کە باسیدەکا. بەڵام کە دەڵێن، کاتی نەهاتووە، ئەوکاتە زۆر جار هاتووە، بەڵام ئێمە نەمانزانیوە و، نەمانتوانیوە هەڵیقۆزین. بۆنموونە جەنگی جیهانیی یەکەم باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەولوتی خۆمان دروستبکەین، نەک چاوەڕوان بین خەڵکی دیکە بۆمان دروستبکا! وەکو ئێستاش دەڵێن فەرەنسا، یان ئینگلیز نایەن جادەمان بۆ دروستبکەن، لە هەولێر و.... هتد، یان زۆر عەیبە شیرکەتی بێگانە بێن لە هەولێر پێتەختی کوردستاندا بینای گەورە گەورە دروستبکا، کورد خۆی دروستی نەکات. جا لە سیاسەتیشدا، هەروا بووە، یانی هەر بیری کردووەتەوە، خەڵکی دیکە بێن دەوڵەتەکەی بۆ دروستبکەن. ئەوە لەدەستیچوو. لە جەنگی جیهانیی دووەمیش هەر بەوشێوەیە، کاتێک ئەوروپا تووشی کارەساتێک بوو بوو کە کۆلۆنیالەکانی لەبیر چووبووەوە، کەچی کورد هیچ وەکو خۆی مابووەوە. هەروەها ساڵی (٩١) کە تۆ توانیت کەرکووک ڕزگار بکەیت، ئەی باشە بۆچی بەریدەدەیت و، دەگەڕێیتەوە! کەواتە کورد بۆخۆی بەرپرسە لەو بابەتە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە، ئەگینا، لەساڵی (٦١) ەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ کە سەددام ڕووخا، ڕۆژی بەلانی کەم، دەجار – پانزە جار وڵاتی کوردەواریی بە فڕۆکە بومباردمان دەکرا. تانکەکانی عێراق هەمیشە لەو دێهاتانە خەڵکیان دەکوشت و، ماڵیان وێران دەکرد. دەی باشە، تۆ ئەگەر سەربەخۆییت ڕابگەیاندایە،یان ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵیت ڕابگەیاندایە، تۆ هەر ئەو شەقەت دەخوارد. باشە، کە تۆ ئامادەی نرخی ئەم شەڕە بدەی، باشە بۆ ناتوانیت هەستی ڕاست و دروستی خۆت دەربڕی بەرامبەر دوژمن!؟ بۆچی من شەرم لە "مالکی" بکەم، بۆ شەرم لە "عەبدولعەزیز حەکیم" بکەم!؟ ئەوان شەرم ناکەن، ئەوان هەموو شتێک دەڵێن، تورکمانیش شەرم لەمن ناکا، دەی باشە بۆ من نەوێرم بڵێم کورکووک دەکەمە پێتەختی کوردستان و، کوردستانیش دەکەمە دەوڵەت، ئەوجا تورکیا چیدەڵێ، با بڵێ. ئەم کێشەیە کات و ساتی بۆ نییە، تۆ دەبێ هەموو کاتێک باسی کێشەیەک بکەیت، کە پێیدەڵێن کێشەی کوردیی، کەدەبێ چارەسەر بکرێ، جا ئەمە بەیەکێتیی کورد بێ، بەدەوڵەتی کوردی بێ، بەهەر چی شێوەیەک بێ، ئێمە ڕازین.

**پ: دامەزراندنی دەولەتی کوردیی، خەون و، ئاواتی ئێمە و، هەموو کوردێکی خاوەن بیروباوەڕە. بەبۆچوونی بەڕێزتان، ئەم خەونە چۆن و، بە چ شێوەیەک دێتەدی، لەکاتێکدا دەبینین، حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی کوردستان، بیری دەسەلاتخوازی و، پاوانخوازی و بەرژەوەندیی شەخسی و، بیری پلەوپایەی حیزبیی بەسەریاندا زاڵە؟!**

**و:** من پێموایە ئەو خەونە بەوە دێتەدی، کە تۆ بتوانی هەموو چین و توێژێکی کوردی فێری بیری نەتەوەیی بکەی. واتە نەتەوەیەک یەک بیری هەبوو، دەتوانێ بڕیاربدا. بەڵام نەتەوەیەک ئەگەر ئەوەندە حیزب و لایەن و گرووپی جیاواز جیاوازی هەبێت، ناکەونە سەر یەک وشە. لەوێدا یەکێتیی نەتەوەیی پەیدا نابێ، یەکبوون نییە. بەیەکبوونی بیر، یەکبوونی نەتەوەیە، بە یەکبوونی نەتەوە، گەیشتنە بە ئامانج. ئەمە سری ئەوەیە کە خەونی دامەزراندنی دەولەتی کوردیی، بێتەدی. ئەگینا، تەنیا ئەوە نییە تۆ **"کلاشینکۆف"** ێکت هەبێ بچی لەو شاخە شەر بکەی، تۆ دەتوانی سەربازێک- دوو سەرباز بکوژیت، بەڵام ناگەیتە ئامانجت. تورکمان هەمووی یەکن. من لەنێویاندا ژیاوم، یەکیان چی بڵێ، هەموو دەڵێن وایە، کەچی من هەڵسم شتێک بڵێم، یەکسەر کورد دەبێتە دوژمنم. جا ئەوەیە جیاوازییەکە. عەرەبیش هەروایە، بۆوێنە، کەباسی فەلەستین دەکرێ، عەرەب هەمووی یەکە، پشتگیریی لێدەکەن. ئێمە بێجگە لەوەی لە باشووری کوردستاندا جۆر بەجۆرین، ئەمە بێینەوە سەر سنووری کوردستانی گەورە ئەوا هەر زۆر زۆر دوورین لەیەکتری. ئەو بزووتنەوانە لە باکووری کوردستاندا هەیە، یەکێک وەکو پێ کێ کێ لەگەڵتدا ڕێک نییە بۆ زۆر شت. جا دەبێ ئێمە وەکو نەتەوەیەک یەک بین.

**"ماویەتی"**

# میژووی "مواد مخدر" له ئیران و، لەجیهان!

## (۳) کۆماری ئیسلامیی ئیران و، دیاردەی مادەسڕکەرەکان!

**نووسین و لێکۆڵینەوە:**
**سیروان کاوسی**



**پاش سەرخستنی شۆرشی ئیسلامیی ئیران لەمانگی رێبەندانی ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ئایەتۆڵا خومەینی و، دارشتنی بناخەی کۆماری بنچینەگری ئیسلامیی ئیران، دەوڵەت و پەرلەمانی ئیسلامی و، ئۆرگانەکانی سیاسی و، کۆمەڵایەتیی ولاّت، لەجێی ئۆرگان و داوودەزگەکانی رژێمی پێشوو دانرانەوە، بەڵام یاسای نوێ،** کە لەلایەن ئایەتۆڵاکان و، پێرەوانی نێزیکی "ئایەتۆڵا خومەینی"یەوە دارێژرا، دەسەڵاتێکی لەرادەبەدەری بۆ "وەلی فقیه" واتە بۆ (ئایەتۆڵا خومەینیی) دستنیشانکرد.

ئایەتۆڵا خومەینیی، پاش ئەوەی دەسەڵاتی بەتەواوەتیی خستە دەستی خۆیەوە، کۆمەڵێک لە مەلاکانی باوەرپێکراوی خۆی بەنێوی (نماینده امام) نارد بۆ نێوەندی پارێزگەکانی ئێران. نوێنەرەکانی خومەینیی، لە ستانەکاندا دەسەڵاتیان لەسەرووی دەسەڵاتی فەرماندەی لەشکر و، کاربەدەستانی حکوومەتەوە بوو. بۆ ئەنجامی هەموو کاروبارێکیش راستەوخۆ پێوەندییان بە ئایەتۆڵا خومەینی و، "دفتر امام" (نووسینگەی ئیمام) وە دەکرد.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی رژێمی ئیسلامییەوە، دوو کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەبەردەم کاربەدەستاندا بەزەقی خۆی دەنواند، یەکەمیان کێشەی نەتەوەی کورد بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری حەمەرەزاشا، نەیدەویست جارێکی دیکە زنجیری کۆیلەتیی لە مل بکاتەوە و، داوای مافی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیدەکرد. بەردەوامبوونی ئەو دۆخەش لە کوردستان، بێگومان کارکردی لەسەر بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی دیکەی بندستی ئێران دادەنا و، لە ئەنجامدا کۆسپی گەورەی لەبەردەم سیاسەت و، ئامانجی داگیرکەرانەی دامەزێنەرانی کۆماری ئیسلامییدا دروستدەکرد - **کە بەتەمابوون لەژێر درۆشمی "صدور انقلاب"، لەنێوولاتانی ئیسلامیی، پەرە بە ئایدۆلۆژیاکەیان و ئامانجی داگیرکەرانەیان بدەن.**

**کێشەکەی دیکە، کێشەیەکی لەمێژینەی کۆمەڵایەتیی بوو بەنێوی ئەفیون، یان مادە سڕکەرەکان. ئایەتۆڵا خومەینی، بۆ بەربەرەکانێکردنی هەردوو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە، ئایەتۆڵا خەڵخالی** دەستنیشانکرد و، هەموو دەسەڵاتێکیشی داپێی.

**ئایەتۆڵا خاڵخاڵی لەوەرزی هاوینی ساڵی ١٩٨٠ی زایینی، هێزێکی پاسداری ئیسلامیی خستەرێ و، پەلاماری گوندی (کێکەدۆ) ی دا، کە سەر بە شاری مەلایرە. مەلایر لە لەبنەرەتدا (ماڵ ئاگر Mal agir) ە و، لەسەردەمی دەسەڵاتدارییتی "مادەکان" دا، پەرستگەی ئاینی زەردەشتییەکان بووە. شاری مەلایر و، هەروەها گوندی "کێکەدۆ"، ئەورۆکە سەر بە ستانی (هەمەدان) ن.**

بە فەرمانی خاڵخاڵی، پاسدارانی ئیسلام لەنێو گوندەکە و دەوروبەریدا، بەدیان پیاویان گرت و، قۆڵبەستان کردن و، بەرەو گۆرەپانی گوندەکەدا راماڵیاندان، پاش دۆزینەوەی ژمارەیەکی دیکە لە پیاوانی گوند کە لەنێو ماڵاندا خۆیان شاردبووەوە، هەموویان کۆکردنەوە و، دەسرێژیان لێکردن. پاش قەلاچۆکردنی پیاوانی گوند، بەرەو هەمەدان گەرانەوە. شایانی باسە، دەیان ساڵ بوو لە گوندی کێکەدۆ گیای خەشخاش دەچێندرا و، لەرۆژاوای ئێراندا نێوەندی بەرهەمهێنانی تلیاک و هێرۆئین بوو. داهاتی ٨٠%ی دانیشتووانی گوندەکە، بەرێگەی فرۆشتنی شیرەی تلیاک و، هێرۆئین دابیندەکرا. بەشێک لەجۆتکارەکانی ئەم گوندە، ئەگەرچی لە داهاتی زۆری بەرهەمهێنانی هێرۆئین ئاگاداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا

ئامادەنەبوون لەو ڕێگەوە ماڵ و منداڵیان بژێنن، بەڵام ئایەتوڵڵا خاڵخاڵی بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک، فەرمانی ڕەشبگیریی دەرکرد و، هەر پیاو و لاوێک بەر لەپیان کەوت، گرتیان و، بەدەسرێژی گوللە لەنێویان بردن. دوابەدوای ئەم کوشتارە، لەو پارێزگانەی کە پێشتر، لەزەمانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، لەسەر بڕیاری وەزارەتی تەندروستیی، ڕێگە درابوو بە جۆتکارەکان خەشخاش بچێنن، لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە ئاگادارکران، نابێ لەوە بەدواوە خەشخاش بچێنن و، هەر کەسێک سەرپێچی بکات، لەسێدارە دەدرێت. ئەوجا لەهەموو شار و شارۆچکەکانی ئێراندا دەستکرا بە گرتنی تلیاکفرۆش و تلیاککێش و، هەرکەسێک چەند گرەمێک "مواد مخدر"ی پێبوایە، دەستبەجێ لەلایەن تیمەکانی پۆلیس و، پاسدارانی ئیسلامییەوە دەگیرا و، بەرەورووی زیندان و، لەسێدارەدان دەبووەوە.

هەوای ناسازگار و، تەپوتۆز و گەلێک جاریش توفان و، ڕەشەبای لم و چەو، هەروەها بارانی بەخۆڕ و برسێتی و نەخۆشی و، گەرمای ٥٠ پلەی هاوین، بەهەزارانی لێکوشتن. لەنێویاندا ئەوانەیان کە مێردمنداڵ بوون، لەلایەن گەورەکان، یان پاسەوانەکانیانەوە کە پاسداری ئیسلامیی بوون، دەستدرێژیی دەکرایە سەریان. پرۆژەی بەنێو **(جزیرە)** لەکارەساتی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی هەزاران گیراوی سیاسیی بەندیخانەکانی (ئەوین) و، شارەکانی دیکە، کە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ی ز) بەفەرمانی ڕاستەوخۆی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لە چەند ڕۆژێکدا گوللەبارانکران، هیچ کەمتر نییە.

بەوچەشنە، کاربەدەستانی ڕژێم، بەنواندنی زەبروزەنگ و، بەڕێگەی کوشتن و برین و، هەڕەشەکردن لە جۆتکارەکان، توانییان پێش لە چاندنی خەشخاش و، بەرهەمهێنانی تلیاک لەنێوخۆی ئێران بگرن. ئەم بارودۆخە نوییە، قاچاخچی و باندەکانی (مواد مخدر)ی ناچارکرد، بۆ درێژدان بە بازرگانی و پیشەی دەیان ساڵەیان، ڕوو لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بکەن و، پێوەندیی بگرن لەگەڵ باندەکانی نێو ئەفغانستان و، پاکستان و، بەلووچستانی پاکستان و، هێرۆئین و، مادەی بێهۆشمەنیی دیکە بگەیەننە دەستی کڕیار و، هۆگرانی مادەسڕکەرەکان لەنێوخۆی ئێران. ئەم پرۆژەیەی ڕژێمی ئیسلامیی بۆ پێشگیریکردن لە چاندنی خەشخاش بوو بە هۆی گرانبوونی نرخی تلیاک. هەروەها خواردنەوەی ئەلکۆل ڕێبەند کرا و، هەرکەسێک سەرپێچی بکردایە،

**هەوای ناسازگار و، تەپوتۆز و گەلێک جاریش تۆفان و، ڕەشەبای لم و چەو، هەروەها بارانی بەخۆڕ و برسێتی و نەخۆشی و، گەرمای ٥٠ پلەی هاوین، بەهەزارانی لێکوشتن. لەنێویاندا ئەوانەیان کە مێردمنداڵ بوون، لەلایەن گەورەکان، یان پاسەوانەکانیانەوە کە پاسداری ئیسلامیی بوون، دەستدرێژیی دەکرایە سەریان. پرۆژەی بەنێو (جزیرە) لەکارەساتی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی هەزاران گیراوی سیاسیی بەندیخانەکانی (ئەوین) و شارەکانی دیکە، کە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ی ز) بەفەرمانی ڕاستەوخۆی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لە چەند ڕۆژێکدا گوللەبارانکران، هیچ کەمتر نییە.**

لەنێو گۆڕەپان و، سەر شەقامی شارەکان، لەپێش چاوی خەڵک، پشتی ڕووت دەکرا و، بە لێدانی دەیان جار قەمچی سزا دەدرا. لەوەوە سەتان هەزار ئێرانیی، بە دزییەوە دەستیان کرد بە سازکردنی عارەق و شەراوی دەستکرد و، بە هەزارانیان لێ مردن و، ژمارەیەکی زۆریش کوێر بوون، چونکە لە دروستکردنی خواردنەوەی ئەلکۆلیدا نەشارەزا بوون و، بەشێوەی ستاندارد سازیان نەدەکرد.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هێرۆئین لەشارەکانی ئێران بەڕێگەی قاچاخچییەکانەوە، بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی کە پێشتر عارەقخۆر بوون، یان تلیاکیان دەکێشا، ڕوویانکردە کێشانی هێرۆئین، چونکە لەلایەک نەشەیی و، کەیفخۆشی و کارکردی هێرۆئین، گەلێک لە تلیاک و شیلەی تلیاک پترە، هەروەها کێشانی هێرۆئین، وەک تلیاک پێویستی بە ڕازاندنەوەی سفرە و ئاگروکەرستەی پێویست نییە، لەهەموو شوێن و کەلوقوژبنێک دەکێشرێت، هەروەها بە نرخێکی هەرزانتر لە تلیاک دەگیشتە دەستی خەڵک. ئەوە بوو، کاربەدەستانی ئێران، کاتێکیان زانی، پرۆژەکەیان بۆ لەنێوبردنی دیاردەی مواد مخدر، نەتەنێ سەرینەگرتووە، بەڵکو لەماوەیەکی کەمدا بەدەیان هەزار کەوتوونەتە داوی هێرۆئینەوە، لەبەر ئەوە کەوتنە هەوڵی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی ز)، کۆبوونەوە و، سێ پرسیاریان بۆ باس و، لێدوان دەستنیشان کرد:

**١- بوونی قاچاخچی هۆکارە؟**

**٢- هۆکاری سەرەکیی تووشبووی ئەفیۆن (معتاد) ە؟**

### ٣- چاندن و، بەرهەمهێنانی (مواد مخدر) هۆکارە؟

کاربەدەستانی ڕژێم، پاش هەڵسەنگاندن و، بیرکردنەوەی کوور، بەو ئەنجامە گەیشتن کە، * **هۆکاری سەرەکیی کێشەکە، بوونی قاچاخچییە** و، دەبێ تێبکۆشن بۆ بنبڕکردنی قاچاخچییەکانی (مواد مخدر). دوای دەرکردنی بڕیاری دەوڵەت، نەخشەی گرتنی هەموو فرۆشیارانی مادەسڕکەرەکان دارێژرا و، ژمارەیەکی زۆر قاچاخچی گەورە و بچووک گیران و زیندانی درێژماوەیان بۆ بڕایەوە، یان لەسێدارەدران. بەڵام ئەم پرۆژەیەش سەرنەگرت و، "موادمخدر" و، ژمارەی "معتاد" لە بەراورد لەگەڵ ساڵ و، مانگەکانی پێشووتر پتر پەرەی سەند. ئەوجا، کاربەدەستان و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی و، دەزگەکانی پێوەندیدار بە کێشەکە، بەو ئەنجامە گەیشتن کە هۆکاری سەرەکیی کێشەکە تووشبووی مادەسڕکەرەکان، واتە (معتاد) ە، ئەوجا بڕیاری بنبڕکردنی یەکجاریی "معتاد" و "مواد مخدر" دەرکرا و، پرۆژەیەکیشیان بۆ ئەم مەبەستە دارشت و سێ قۆناخیان دەستنیشانکرد بۆی، کە بریتی بوون لە:

١- یەکەم قۆناخ، تێکرای (معتاد) ەکان نێونووس بکرێن و، لەنێوەندەکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستیی بەنێوی ئۆردووگا کۆبکرێنەوە و، دەرمان و، خزمەتی پێویست بکرێن تا بتوانن واز لە "مواد مخدر" بهێنن، ئەوجا پاش ئامۆژگاریکردنیان، بەرەزامەندیی خۆیان، ببن پاسداری ئیسلامیی، ئەگەریش ڕازی نەبوون، ئەوا ئازادیان بکەن و، بیانگێڕنەوە نێو کۆمەڵ. بەنووسراوە بەڵێنیشیان



لێوەردەگیرا کە جارێکی دیکە بەرەو لای مادەی بێهۆشمەنیی نەچن.

٢- لە قۆناخی دووەمدا، ئەگەر کەسێک سەرلەنوێ لەسەر کێشانی "مواد مخدر" دەگیرایەوە، ئەوا بە چوار مانگ زیندان و، دانی (٥٠) پەنجا هەزار تمەن سزا بدرێ. ئەم پرۆژەیان نێو نا (٥٤)، کە مەبەست چوار مانگ زیندانی و، پەنجا هەزار پووڵ بوو.

٣- قۆناخی سێیەم ماوەی زیندانیکردن و، سزای پووڵەکەی برێک زێدەتر کرا. واتە ئەگەر کەسێک بۆ جاری سێیەم دەگیرایەوە، ئەوا بە ٨ مانگ زیندان و، دانی (١٠٠) سەت هەزار تمەن سزا دەدرا. ئەم پلانەش بە (١٠٨) نێوبانگی دەرکرد.

بە باوەڕی کاربەدەستان، بڕینەوەی سزای پووڵ و زیندانیکردن بۆ "معتاد"، دەبوو بە هۆی ئەوە کە لەوە بەدواوە هیچ کەسێک زاتی ئەوە نەکات، بەرەولای "مواد مخدر" بچێت. ئەوجا پرۆژەکەیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەم پلانەش شکستی هێنا، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە نێوەندەکانی تەندروستیدا نەخۆشییەکیان چارەسەردەکرا، پاش چوونە دەرەوە، دیسان تووشی ئەفیون دەبوونەوە،یان بەهۆی هەژاری و کەمدەرامەتییەوە کاریان بۆ باندەکانی مواد مخدر دەکرد، لەبەر ئەوە بە هەزارانیان بەرەوڕووی گرتن و، زیندانیی درێژ ماوە بوونەوە. لەمەوە کارەساتی گەورەتر دەستپێیکرد و، چوارچێوەی هەزاران بنەماڵە لەبەر یەک هەڵتەکا و کارەساتێکی مرۆڤی لێ خولقا، چونکە زۆربەی گیراوەکان پیاو بوون و، دابینکردنی بژێویی چەندین سەر خێزانیان بەئەستۆ بوو. ژن و منداڵی ئەم گیراوانە، بۆ دابینکردنی کرێی خانوو و بژێویی ژیانیان، ڕوویانکردە لەشفرۆشی و دزی و، هەڵاتنی کوڕ و کچەکانیان لە ماڵەوە و، ئاوارەی شاری تاران و شارە گەورەکان بوون. پاش ماوەیەک ژمارەیەکی زۆر لەمانە، کە لەڕاستیدا قوربانیی سیاسەتی هەڵەی بەربەرەکانێی ڕژێم بوون لەدژی مواد مخدر، بەنێوی دز و بکوژ و بێڕەوشت و فرۆشیاری مواد مخدر و ... هتد، لەسەر بڕیاری دادگەکان، دەست و پەنجەیان قرتێندرا، یان چەندین ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە،

یان لەپێش چاوی خەڵک لەنێو گۆڕەپانی شارەکاندا لەسێدارەیان دان...

پلان و پرۆژەکانی یەک لەدوایەکی بەرپرسانی حکوومەت، هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، دوا رێگە چارەیان لەوەدابینی، پێویستە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی "مواد مخدر" لەنێو ببرێت. بۆ ئەم مەبەستە و، بەنیازی دۆزینەوە و، لەنێوبردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنەری (مواد مخدر)، لەساڵی ١٩٨٣ی ز بەدواوە دەزگەی پاراستن (اطلاعات) یان راسپارد، تاکو کۆمەڵێک لە پاسداران ئامادە بکا و، پاش پەروەردەکردن و، رێنوێنیکردنیان. بیانێرن بۆ شناساییکردنی ئەو نێوچانەی کە گیای خەشخاشیان تێدا دەچێندرێ و، هەروەها شناسایی باندەکانی مافیای هێرۆئین لەنێوخۆ و، لەدەرەوەی وڵات بکەن. دەزگەی پاراستنی رژێم، پاش ئەم بڕیارەی حکوومەتی ئیسلامیی، دوو یەکەی تایبەتی بەنێوی **(عملیات برون مرزی)** و **(عملیات درون مرزی)** پێکهێنا. ئەندامانی کۆمیتەی (دەرەوەی سنوور) توانییان دزە بکەنەنێو باندەکانی ئەفیۆن لە **ئەفغانستان و پاکستان و بەلوچستانی پاکستان و ئێران** و، گەلێک جاریش توانییان شوێن و، کات و، رۆژی کاروانی هێنانی مواد مخدر لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران، بە ئاگاداریی فەرماندەکانی هێزەکانی سنوور بگەیەنن و، بەسەدان قاچاخچی بکوژن و، بە هەزارانیشیان لێ بگرن. هەموو رۆژێکیش لە میدیاکانی رژێم، دەنگوباسی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی ئێران و، کاروانی چەکدارەکانی مافیای مواد مخدر بڵاودەکرانەوە، و، هەروەها بە سەتان کەس لە هێزەکانی ئێرانیش لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەگەڵ چەکدارەکانی مافیای هێرۆئیندا لەنێوچوون. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانەی داوودەزگەکانی رژێم و، بەختکردنی بووجەیەکی زۆر، خەڵکی ئێران سەریان سووڕمابوو، هۆی چییە "مواد مخدر" و، مادەسڕکەرەکان لەنێو کۆمەڵدا بەردەوام پەرەدەستێنن.



پاش بە ئەنجامنەگەیشتنی پرۆژەکانی سەبارەت بە "مواد مخدر"، لەساڵەکانی کۆتایی جەنگی (٨) ساڵەی عێراق – ئێران، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٩-١٩٨٧، کاربەدەستانی رژێم، بڕیارێکی سامناکیان لەدژی تووشبووانی مادەسڕکەرەکان دەرکرد. ئەویش ئەوە بوو، هەزاران تلیاککێش و هێرۆئینکێشی نێو شەقام و کۆڵانی شارەکان کۆکرانەوە و، لەچەندین کاروانی جیاجیا و لەماوەی نێوان سێ ساڵدا، راگوێزران بۆ چەندین دورگەی چۆڵ و دوور لە حەشیمەت، کە لە پارێزگەی "بندرعباس" و لەنێو زەلکاو و، قامیشەڵانەکانی لێواری کەنداو هەڵکەوتوون. لەنێو ئەم دورگانەدا، حەشیمەت و، گیانلەبەری لێناژی، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە خانوو و، شوێنەواری ئاوەدانیی تێدا نییە. بەدرێژایی ساڵ، حەوت - هەشت مانگی رەبەق گەرمای تاقەتپڕووکێنی سەرووی ٤٥ و ٥٠ پلەی هەیە و، شەوانی زستانیشی زۆر سارد دەبێت. پاسدارانی ئێران، لەپێشدا پۆل پۆل گیراوانی تووشبووی مواد مخدریان لەشارەکانی ئێران کۆدەکردەوە و، دەیانبردن بۆ شاری **"بندر عباس"** لە خوارووی ئێران. لەپێشدا، بەنێو شاردا دەیانگێران و، داوایان لە خەڵک دەکرد، جنێویان پێبدەن و، بەردیان تێبگرن و، تێیانهەڵدەن. ئەوجا لەو شارەوە سواری ئۆتۆمۆبێلیان دەکردن و، دەیانبردن بۆ لێواری کەنداو. لەوێوە بەسواریی پاپۆڕی بچووک، کە لە نێوچەکەدا پێیدەڵێن (لێنج)، بەنێو دورگەکاندا دابەشیان دەکردن. **پاسەوانەکانیان پاسداری ئیسلامیی بوون، بە "لێنج"، بەنێو دورگەکاندا هاتوچۆیان دەکرد و، خواردنیان دەبرد بۆ "معتادەکان". خواردن و خواردنەوەیان ، بریتیبوو لە رۆژی سێ لیوان (پەرداخ) ئاوی خواردن و، لیوانێک نۆکی کوڵاو، یان شلە و شۆرباو. شایانی باسە، بەسەدان مرۆڤی تیکۆشەر و، ئازادیخواز و چالاکانی سەر بە** "بۆ لاپەڕە ٣١"

## "ماوەی لاپەڕە ٣٠"

**حیزبە سیاسییەکان، پاش دەستگیرکردنیان، تێکەڵ بەم کاروانانە کران و، بەنیازی بێسەروشوێنکردنیان بۆ نیو (دورگەکانی مەرگ) دووردخرانەوە. هەوای ناسازگار و، تەپوتۆز و گەلێک جاریش تۆفان و، رەشەبای لم و چەو، هەروەها بارانی بەخوڕ و برسێتی و نەخۆشی و، گەرمای ٥٠ پلەی هاوین، بەهەزارانی لێکوشتن. لەنێویاندا ئەوانەیان کە مێردمنداڵ بوون، لەلایەن گەورەکان، یان پاسەوانەکانیانەوە کە پاسداری ئیسلامیی بوون، دەستدرێژیی دەکرایە سەریان. پرۆژەی بەنێو (جزیرە) لەکارەساتی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی**

**هەزاران گیراوی سیاسیی بەندیخانەکانی (ئەوین) و، شارەکانی دیکە، کە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ی ز) بەفەرمانی راستەوخۆی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لە چەند رۆژێکدا لەنێوچوون، هیچ کەمتر نییە.**

**لەنێو ئەو هەزاران کەسەی بۆ دورگەکانی لێواری کەنداو راگوێزران، ژمارەیەکی کەمیان گەڕانەوە. ئەوانەشیان کە بەر لێبوردن کەوتن، ئاگادارکران، بەمەرجێ بەریان دەدەن، کە چارەنووسی خۆیان و، هەزارانی دیکە لە دورگەکان لەلای کەس نەدرکێنن، هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات، ئەوا لەنێو دەبرێت، هەر لەبەر ئەوەشە تاکو ئێستا ئەو کارەساتە**

**کەموێنەیە ئاشکرا نەکراوە و نەنووسراوە و، لە راگەیاندنەکاندا بڵاونەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکیان، لەلای کەسوکار و دۆستانی نێزیک و باوەڕپێکراوی خۆیان بەسەرهاتەکانیان گێراوەتەوە. بێگومان لەداهاتوویەکی نێزیکدا نهێنییەکانی لەنێوچوونی هەزاران لاوی ئێرانیی، لەژێر نێوی بەربەرەکانێی "مواد مخدر" لەلایەن رژێمەوە ئاشکرا دەکرێن و، لاپەڕەیەکی رەش و سامناکی دیکە لە کارنامەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵدەدرێتەوە.**

## "ماویەتی"

---

## "ماوەی لاپەڕە ١٤"

سەرکردەیەتیی کورد کرد لەسەرووی هەموویانەوە **شەهید ئیدریس بارزانی** کە پێوەندییەکی جیاوازم لەگەڵیدا هەبوو، بەهۆی بیروباوەڕی نەتەوەیی کە هەیبوو. هەروەها بەشداریشم لە شۆڕشی گوڵاندا کرد و ئەندامی بەرەی (جود) بووم وەك نوێنەری پارتی پاسۆك و سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە بووم لە ١٩٨٢-١٩٨٤ لە شاخەکانی قەندیل. کاتێك، باشووری کوردستان فیدراڵی وەرگرت، یەکەم کەس بووم کە پیرۆزباییم کرد و هەرچەندە هەمیشە و تا ئێستاش بروام بە دەوڵەتی کوردییە، بەڵام ئەگەر گەلی کورد هەر فیدراڵییەک، یان ئۆتۆنۆمی دەستکەوێت، من دژی ناوەستم هەرچەندە من بروای تەواوم هەیە کە ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم یا هەر مافێکی دی لەنێو سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەگاتە سەرەنجامێکی پووچ، چۆنکە ئەو جۆرە مافانە بۆ چەند گەلێک لەنێو یەك دەوڵەتدا، جیاوازی لەگەڵ ژنهێنان نییە کە رەزامەندیی هەردوولای پێویستە و ئەگەر پیاوەکە یان ژنەکە نارازی بوو، ئەوا رێککەوتنەکە پووچەڵ دەبێتەوە.

مەسەلەی فیدراڵیش هەروایە و دەبێ گەلی عەرەب لە عێراق و گەلی کوردیش پێی رازی بن، ئێستا گەلی کورد رازییە بەڵام بروا ناکەم یەك عێراقی بروای پێی بێ کە لە بەغدا حکوومەت و سوپایەکی عێراقی و لە هەولێر حکوومەت و سوپایەکی کوردی هەبن، تا بەتەواوی قایل دەبن خوێنی زۆر دێتەڕژان. لەم رووەوە من لەگەڵ دروستکردنی دیواردام و لەگەڵ شەر و ئاژاوە داگیرساندا نیم، چۆنکە من بروام بەو یاسا مرۆڤایەتی و ئایینە ئاسمانیانە هەیە کە تەنیا بۆ بەختیاری مرۆڤ و مرۆڤی کورد و هەموو مرۆڤێک گرنگترن لە دەوڵەت و سنوورەکانی.

**لەم بارەیەشەوە ئیمامی شافیعی خوا لێی رازی بێ، دەڵێت: وتەکانی تۆ هەڵەن بەڵام لەوانەیە راست بن. وتەکانی منیش راستن، بەڵام لەوانەیە هەڵە بن. من زۆر هیوادارم کە رێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان رێگەی سەلامەتی و ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بێت، چۆنکە ئەوە داخوازی من و داخوازی ٤٠ ملیۆن کوردە، لەوانەش ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان..**

**حیزبایەتیی، بەبێ ستراتیژی نەتەوەیی و درۆشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان، دەکەوێتە خانەی چەواشەکردنی گەلی کورد و، بازرگانیکردن بە خوێنی شەهیدان و، بەفیڕۆدانی رەنج و لەخۆبوردوویی رۆڵەکانی گەلی کورد!**

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Tel; 0044 – 208 748 78 74
Fax; 0044 – 208 741 64 36

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey Nîştmanîya Kurdistan bigre!

---

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
Tele; 0049 – 82 33 80 61
Fax; 0049 – 82 33 61 21
KNC@ribrahim.deE-post;

---

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
Fax; 0047 – 22 75 30 95

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن: "سیروان کاوسی"

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!

Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە (کوردی): | www.kncscandinavia.com |
| ڕادیۆ ڕۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: | www.jawadmella.net |
| سایتی حکوومەتی ڕۆژاڤا (ئینگیلزی) | www.western-kurdistan.com |
| | www.westernkurdistan.org.uk |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |

**تاقە ڕێگەی ڕزگاربوونی کورد، دەرکردنی داگیرکەرانە لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد، لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا، دەستەبەر ناکرێت!**